حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

## پۆلی شەشەمی بنەڕەتی

دانانی لیژنەیەکی هاوبەشی
وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان

چاپی دوازدەهەم ٢٠١٦ زایینی ٢٧١٦ کوردی ١٤٣٧ کۆچی

پێداچوونەوەو سەرپەرشتی زانستی چاپ: عمر علي شريف - ويسى صالح حمدأمين
سەرپەرشتی هونەری چاپ: عوسمان پیرداود کواز - خالد سليم محمود
بژاری هونەری: يوسف احمد اسماعيل
نەخشەسازی بەرگ: ئاری محسن احمد

# بەندی یەکەم

# جوگرافیای عێراق
















نەخشەی کۆماری عێراق و هەرێمی کوردستان تێیدا تۆمارکراون

## کۆماری عێراق:

### بۆ خوێندنی جوگرافیای عێراق بەسەر ئەم بەشانەدا دابەش دەکرێن:

١. بەشی یەکەم ((زانیاری گشتی دەربارەی عێراق))

٢. بەشی دووەم ((رووی زەوی عێراق))

٣. بەشی سێیەم ((ئاوو هەوای عێراق))

٤. بەشی چوارەم ((دەرامەتەکانی ئاو))

٥. بەشی پێنجەم ((چالاكییە مرۆییەکان))

- کشتوکاڵ.
- سامانی ئاژەلی
- سامانی کانزایی
- پیشەسازی
- گواستنەوەو گەیاندن
- گەشتیاری



وێنەیەکی سروشتی

## بەشی یەکەم:
## سنوری عێراق:

لە باکور وڵاتی تورکیایە، لە خۆرهەڵات ئێرانە، لە باشور کوەیت و سعودیەو لە خۆرئاواش سوریا و ئوردنە.




**نەخشەی کارگێری عێراق و وڵاتە دراوسێیەکان**

**زانیاری:**

سنوور/ ئەو هێڵە سووره پچڕ پچڕەیە کە وڵاتێك لە وڵاتی تر جیادەکاتەوە.

## عێراق/

وڵاتێکی کۆماری پەرلەمانی فیدرالییە لە ساڵی ١٩٢١ دوای جەنگی جیهانی یەکەم دامەزراوە.

## پێکهاتەی کارگێری عێراق/

عێراق وڵاتیکی سەربەخۆیی فیدراڵییە لە دوو هەرێم پێکهاتوون، هەرێمی یەکەم(ناوەندە) هەموو پارێزگاکانی عێراق دەگرێتەوە جگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، پایتەختی بەغداش کەوتۆتە ئەم هەرێمە. شاری هەولێر (پایتەختی هەرێمی دووەمە کە هەرێمی کوردستانە).

عێراق بەگشتی لە (١٨) پارێزگا پێکهاتووە.

**پارێزگا/ یەکەیەکی کارگێرییە لە چەندین مەڵبەندو یەکەی کارگێری کەمتر لە دانیشتوان پێکهاتووە.**

## شوێنی عێراق و گرنگی شوێنەکەی:

عێراق دەکەوێتە بەشی باشوری خۆرهەڵاتی کیشوەری (ئاسیا)، لە کۆنەوە شوێنێکی جوگرافی گرنگی هەبووە، چونکە کەوتبوە سەر رێگای بازرگانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا بەتایبەتی لەسەردەمی ئیمپراتۆرە کۆنەکاندا.




**نەخشـەی شـوێنـی عێراق ((وڵاتـی میزۆپۆتامیا)) لە جیهانـی کۆندا**

## زانیاری

١. وڵاتی میزۆپۆتانیا واتا ((وڵاتی دوو رووبار))، مەبەست لە دوو رووبارە ((دیجلەو فوراتە)) لە کۆنەوە عێراق بەم ناوە ناو دەبرا.

٢. جیهانی کۆن: هەر سێ کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقا دەگرێتەوە.

## رووبەرو دانیشتوانی عێراق

رووبـەری رووی زەوی عێـراق ٤٣٨٣١٧کیلۆمەتـر چوارگۆشـەیە و ژمـارەی دانیشـتوانی نەتـەوەکان نزیکـەی[*](٣٦) ملیـۆن کەسـە، دانیشـتوانی عێـراق لـە عـەرەب و کـورد و تورکمـان و کلـد و ئاشـوری و ئەرمەنـی و ئاینـەکان و ئاینـزای جیـاواز پێکهاتوون زۆربـەی دانیشـتوانەکەی موسـلمانن و کریسـتیان و ئێزیدیـش لـە عێراقدا دەژیـن.



---

[*] بە پێی دوا زانیاری لە وەزارەتی پلاندانانی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٤.

## بەشی دووەم

# ڕووی زەوی عێراق

ڕووی زەوی عێراق بۆ چوار ناوچەی جیاواز دابەش دەکرێت بەم شێوەیە:

١. ناوچەی شاخاوی

٢. ناوچەی زوورگ

٣. ناوچەی دەشتی نیشتەنی

٤. ناوچەی بیابانی ڕۆژئاوا

بۆ زانین: ناوچەی شاخاوی، ناوچەی زوورگ دەکەوێتە هەرێمی کوردستانی عێراق.




**نەخشەی ڕووی زەوی عێراق**

## یەکەم: ناوچەی شاخاوی:

زنجیرە چیاکان دەکەونە بەشی باکورو باکوری خۆرهەلاتی هەرێمی کوردستان، لە باکوری خۆرئاواوە بەرەو باشوری خۆرهەلات دەکشێن، ٦٪ی ڕووبەری عێراق و ٢٥٪ی ڕووبەری هەرێمی کوردستان پێک دەهێنێت.

لە زنجیرە چیای سەرەکی پێک هاتوون:

### أ- زنجیرە چیا بەرزو سەختەکان:

ئەو زنجیرە چیایانەی سەر سنوری (عێراق-تورکیا) و (عێراق-ئێران) دەگرێتەوە. هەرچەندە بەرەو باکورو باکوری خۆرهەلات برۆین بەرزترو سەخت تر دەبن، بەرزییان دەگاتە ١٦٠٠-٣٦٠٠ م، لە نێوانیاندا دۆلی قول لەخۆدەگرن، گرنگترین شاخەکانی ئەم زنجیرەیە ئەمانەن:

- لەسەر سنوری (عێراق-تورکیا): چیای (مەهرنار، ئاشینە، سەرمەیدان).
- لەسەر سنوری (عێراق-ئێران): چیای (شاکێف، قەندیل، هەورەمان، حەساری رۆستێ)، (لوتکەی هەلگورد)یش لە چیای حەساری رۆستێ بە بەرزترین لوتکەی چیاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق دادەنرێ کە ٣٦٠٧م بەرزە لەسەر ئاستی رووی دەریا.



لوتکەی هەلگورد

## ب- زنجیره چیا پێچاوپیچه سادەکان: (چیا نزمەکان)

ئەم زنجیره چیایانه بە سادەیی و کەمی پێچاوپێچی چینه بەردەکانی لە زنجیره چیا بەرزو سەختەکان جیا دەکرێتەوە، بەناو بانگترین چیاکانی ئەمانەن ((گارە، هەریر، بەرانان، بێخێر، چیای سپی، ئاکرێ، سەفین، هەیبەت سوڵتان)).



**زنجیره چیای سەفین**

### چالاکی/

- مامۆستا لەگەڵ قوتابیان نەخشەیەکی عێراق لەسەر تەختە بکێشە، ناوچەی شاخاوی بەهەردوو زنجیره چیاکان دیاری بکە.

## گرنگی ناوچەی شاخاوی:

١. بەهـۆی سروشـتی ناوچەکـە دابارینـی بەفـرو بـاران، شـوێنێکی گرنگـە بـۆ گڵدانـەوەی ئـاو بـۆ ئـەو لقانـەی دەرژێنـە روبـاری دیجلـە.

٢. ناوچەیەکی گرنگی گەشـتیارییە لـە عێراق بـە تایبەتی لـە وەرزی هاوین بـە هـۆی فێنکی ئاو و هـەواو جوانی سروشـتی.

٣. زۆری رووەکی خۆرسک و گژوگیا وای کردووە ببێتە لەوەرگایەکی بەخێوکردنی سامانی ئاژەڵ.

٤. دەوڵەمەنـدە بـە کانـزاو کەرەسـتەی خـاوی وەک خەڵـوز و ئاسـن و هەروەهـا لـە نـەوت کـە لـەم دواییـە لـە زاخـۆ بەرهـەم دەهێنـرێ.

٥. ناوچەیەکی گرنگە بۆ بەرهەمهێنانی بەرووبومی کشتوکاڵی.





هاوینەهەواری بێخاڵ



سەیرانگەی ئەحمەدئاوا



هاوینەهەواری سەرسەنگ

## دووەم: ناوچەی زوورگ:

ئـەم ناوچەیـە نزیکـەی ١٥٪ی ڕووبـەری عێـراق و، ٧٥٪ی ڕووبـەری هەرێمـی کوردسـتان پێکدەهێنێـت، گرنگتریـن بەرزاییەکانـی بریتیـن لـە حەمریـن، مەکحـول، عەتشـان، ئیبراهیـم و شـەنگال.

## گرنگی ناوچەی زوورگ:

١. ناوچەیەکی بە پیتە بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵە وەک: گەنم و جۆ.
٢. لەوەڕ گایەکی سروشتی زۆر گرنگە بۆ بەخێوکردنی مەڕو بزن.
٣. سـامانی کانزایـی زۆری تێدایـە بەتایبەتـی پتـڕۆڵ (نەوتـی خـاو) لـە پارێزگاکانـی کەرکـوک و هەولێـرو مووسـڵ، هەروەهـا گۆگـرد لـە ناوچـەی میشـراق.

## سێیەم: ناوچەی دەشتی نیشتەنی:

## تـایبەتمەندی دەشتی نیشتەنی چین؟

١- دەشـتی لیتەیـی دەکەوێتـە باشـوری ناوچـەی زوورگ، لـە باکـوری خۆرئـاوای و باشـوری خۆرهـەڵات دەڵکێـن تاوەکـو دەگاتـە رووبـاری شـەتولعەرەب، زنجیـرە چیاکانـی زاگـرۆس دەکەونـە لای خۆرهـەڵات بانـی خۆرئـاوا دەکەوێتـە خۆرئـاوای دەشـتی نیشـتەنی.
٢- ئەم هەرێمە ٢٤٪ ڕووبەری عێراق پێک دەهێنێت.
٣- دەشـتەکە چەنـد نزمایـی و چاڵـی تێدایـە تـا ئیسـتاش پڕنەبۆتـەوە، کـە پـڕن لـە ئـاوو پێیـان دەووترێـت زۆنگاوزەلـکاو وەک: زۆنگـی (حەوێـزە) لەسـەر رووبـاری دیجلـەو زۆنگـی (حەممـار) لەسـەر رووبـاری فـورات.




**نەخشەی هۆرو زۆنگاوەکانی باشوری عێراق**

## گرنگی ناوچەی دەشتی نیشتەنی:

١. لەبەرئەوەی زەوییەکەی ڕاستەو فراوانە ئاویشی زۆرە، بۆیە بە ناوچەیەکی گرنگی کشتوکال دادەنرێت، بەتایبەتی بۆ خورما و برنج.

٢. زۆربەی دانیشتوانی عێراق لەم ناوچەیەدا دەژین.

٣. کێلگە نەوتی دەوڵەمەندی تێدایە، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی بەسرەو میسان.

## چالاکی

دەشتی نیشتەنی عێراق زۆربەی شارەکانی عێراق دەگرێتە خۆ:

**قوتابی ئازیز:** خاڵە بەتاڵەکان بەناوی شارەکانی ناوەند و باشووری عێراق پڕبکەرەوە/ بەسوود وەرگرتن لە نەخشەی عێراق:

| | | |
|---|---|---|
| | عەمارە | |
| | | بەسرە |

## چوارەم: ناوچەی بانی خۆرئاوا:

دەکەوێتە بەشی خۆرئاواو باشوری خۆرئاوای عێراق درێژبوونەوەی سروشتی بانی شام و بانی نیمچە دورگەی عەرەبی نزیکەیی ٥٥٪ ڕووبەری گشتی عێراق پێکدەهێنێت.

ئەم هەرێمە لەبەر فراوانبوونی ناوچەکە دەبێتە چەند بەشێک:

| ١- | ٢- | ٣- | ٤- | ٥- |
|---|---|---|---|---|
| بانی جەزیرەو نزمایی الثرثار | دەڤەری دۆڵەکان وەکو دۆڵی حۆران | دەڤەری بەردین وەکو نزمایی سەلمان | بانە لێوار براوەکان، چەندین مێرگی تێدایە | دەڤەری دوبدوبە |

## بەشی سێیەم

# ئاوو هەوای عێراق

**ئاوهەوا:** بریتییە لە تێکرای ڕێژەکانی ڕواڵەتەکانی ئاوو هەوا وەک: (باران - پلەی گەرمی - شێ - با - پاڵەپەستۆی هەوا) بۆ ماوەیەکی درێژ لەماوەی ساڵێکدا.

**کەش:** بریتییە لەتێکرایی ئەو ڕواڵەتانە لەماوەیەکی کورت بۆ چەند ڕۆژێک.

**ئاوو هەوای عێراق:**

تێکرای ئاوهەوای عێراق لەزستان ساردو باراناویەو لە هاوینیشدا وشک و گەرمە، بەگشتی ئاووهەوای عێراق سەختە بەهۆی:

١. کەمی باران بارین.
٢. نزمی ڕیژەی شێ.
٣. زۆری کەوتنی تیشکی خۆر.

**ئەو هۆیانە کار لەسەر ئاووهەوای عێراق دەکەن ئەمانەن:**

١. هەڵکەوتەی شوێنی بەگوێرەی بازنەیی پانی.
٢. دوور و نزیکی لەروبەرە ئاوییەکان (دەریاکان).
٣. هەڵکەوتەی شوێن بەگوێرەی دەریاو زەریاکان.






نەخشەی شوێنی عێراق بەگوێرەی دەریاکان

## ڕاهێنان

لەسەر نەخشە ناوی دەریا کاریگەرەکان بـــــەسەر ئاووهەوای عێراق دەست نیشان بکە.

لە ئاوو هەوای عێراقدا چوار وەرزەکەی ساڵ بەم شێوەیە دەردەکەون:

**یەکەم: دوو وەرزە سەرەکیەکە**
- زستان
- هاوین

**دووەم: دوو وەرزی زوو ڕەفتەنی**
- بەهار
- پایز

## باری ئاووهەوا

| لە هاوین | لە زستان |
|---|---|
| - پلەی گەرما لە هەموو ناوچەکان بەرزە.<br>- جیاوازی نێوان پلەی گەرمای شەو و ڕۆژ زۆرە.<br>- باران نا بارێت و ڕێژەی شێ کەم دەبێتەوە. | - پلەی گەرما نزم دەبێتەوە (بەتایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکان)<br>- باران و بەفر لە ناوچە شاخاوییەکان دەبارێت و ڕێژەی شێشی بەرز دەبێتەوە. |



سەرچنار لە وەرزی هاوین



شەقڵاوە لە وەرزی زستاندا

# بەشی چوارەم

## دەرامەتەکانی ئاو

**سەرچاوەکانی ئاو لە عێراق:**

**أ.** بەفرو باران.

**ب.** ئاوی سەر زەوی.

**جـ.**ئاوی ژێر زەوی.

**د.** پڕۆژەکانی ئاوو ئاودێری.

### چالاکی

**قوتابی ئازیز:** گرنگییەکانی ئاو لەم بۆشاییانەی خوارەوەدا بنووسە:

| ١ | ٢ | ٣ |
|---|---|---|
| | | |

| | | |
|---|---|---|
| بڕی (ئاو)و جۆرەکەی بەندە بەم هۆکارانە | ١ | بڕی باران |
| | ٢ | بڕی بەفری سەر کێوەکان |
| | ٣ | ڕووپۆشە سەهۆڵبەندەکان |

## سەرچاوە گرنگەکانی ئاو لە عێراقدا:

| أ- بەفرو باران | ب- ئاوی سەرزەوی | ج- ئاوی ژێرزەوی |
| --- | --- | --- |
| بەسەر چاوەی سەرەکی ئاوی سەر زەوی و ئاوی ژێر زەوی دادەنرێت. بەفر بەزۆری لەسەر لوتکەی چیاکانی هەرێم کۆدەبێتەوەو لەوەرزی بەهارو هاویندا دەتوێتەوە. | ئاوی ڕووبارو چەم وجۆگەو دەریاچەو زەلکاوو دەریاچەکان دەگرێتەوە. بڕی ئەم ئاوە بەندە بەڕێژەی بەفروباران. | ئەو ئاوانەیە کە لەناخی چینەکانی بەردی زەوی کۆبونەتەوەو پەنگیان خواردووە، کە دەرفەتیان بۆ ڕەخسا لە درزەکانی زەوی لە شێوەی کانیاو چاوگەکاندا دەردەکەون، یان مرۆڤ خۆی بە دواییدا دەگەڕێت وبیری بۆ لێدەدات.<br>هەندێکیان لەبەر ئەوەی ئاوی کانزایی گەرمن خەڵکی بۆ چارەسەر کردنی نەخۆش ڕووی تێدەکەن وەکو (حمام العليل) لە (موسڵ) وە دەرماناواکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆك.<br>بەزۆری ئاوی ژێر زەوی هاوشان لەگەڵ ئاوی سەرزەوی بۆکشتوکاڵیش بەکار دێت وەکو لە(عين التمر) لە (کەربەلا). |
| | | |

## گرنگترین ڕووبارووبارەکانی لە عێراق:

| ٢- ڕووباری دیجلە | ١- ڕووباری فورات |
| --- | --- |
| درێــژی ئــەم ڕووبــارە (١٧١٨)کــم. لــە بەرزایــەکانی تورکیــاوە سەرچاوە دەگرێت. لە گونــدی (فیــشخابور)ەوە دێتــە زەوییــەکانی هــەرێمی کوردســتانی عێــراق، لــەناو ســنووری هەرێمی کوردســتانی عێراقــدا ئــەم زێیانەی تێدەرژێت:<br>أ- خابوور: لە بەرزاییــەکانی تورکیــاوە دەگاتــە کوردستانی عێراق.<br>ب- زێی گەورە: لە دەڤــەری هــەکاری تورکیــاوە سەرچاوەی گرتووە.<br>ج- زێی بچووک: لە بەرزاییەکانی (لاجان) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێرانەوە دێتە هەرێم.<br>د- زێی ڕووخانە (عوزێم): هەموو سەرچاوەکانی لە هەرێمی کوردستاندایە.<br>هـ- زێی سیروان (دیالە): لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێران و کوردستانی عێراقەوە سەرچاوە دەگرێت. | هەردوو ڕێژگەی (فـورات سـوو)و (مـوراد سـوو) لـە چـیا بەرزەکانی بەشــی باشــووری خۆرهەڵاتی (تورکیـا)وە هەڵدەقوڵێن. لـەنزیك شــاری (کیپــان) یــەك دەگــرن و ڕووبــاری (فورات) پێکدێنن. ئینجـا لــــە نزیــــك شــــاری (جــەرابلس)ەوە دێتـــە سـوریا پاشـان لای شـاری قائم (حصیبە) دێتـە نـاو خــاکی عێــراق بــە ناوچــەکانی ڕەمــادیو فەلوجــەو هیندیــەدا تێدەپەڕێت ولەنزیك شاری فەلوجە فـورات لـە دیجلـە نزیـك دەبێتــەوە، درێــژی ئەم ڕووبارە "٢٩٠٠کم"ە. |

**٣- شەتولعەرەب**

لە پێک گەیشتنی هـەردوو ڕووبـاری دیجلـەو فـوڕات لـە (گەرمـەت علـی) پێکدێت بـە شـاری بەسـرەدا تێدەپەڕێت. ئـاوی ڕووبـاری کارونـی دەرژێتـە سـەر لـە خۆرهـەڵات ئینجـا دەرژێتـە نـاو ئـاوی کەنـداو، دەرچەیەکی ئاوییە تاکە ڕێگـەی ئـاوە لـە عێراقـدا بـۆ بازرگانـی.




نەخشەی دەرامەتی ئاوو پرۆژەکانی ئاودێری لەعێراق

## چالاکی

**قوتابی ئازیز:** **لەعێراق دوو ڕووباری سەرەکی هەیە:**

ڕووباری دیجلەو ............

چەندین لق لەچیاکانی کوردستانەوە دەڕژێنە ڕووباری دیجلە ئەوانەش:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

**٤- دەریاچە و زۆنگ و زەلکاوەکان:**

| دەریاچە | زۆنگ و زەلکاو |
|---|---|
| بریتیە لە (نزماییەک) کە بە ئاو پڕبۆتەوە.<br>ئەمیش دوو جۆرە:<br>**یەکەمیان:** دەریاچەی سروشتی وەک(دەریاچەی ساوە نزیک سەماوە).<br>**دووەمیان:** دەریاچەی دەستکرد وەکو دەریاچەکانی (حەبانیەو دوکان و دەربەندیخان). | ئەمانەش ڕووبەرێکی فراوانی ئاوین، دەکەونە باشوری عێراق، وەکو زۆنگی (حەممار) و (حەوێزە). |



دەریاچەی دوکان



زۆنگ و زەلکاو

**پرسیار:** زۆنگ و زەلکاوەکانی باشوری عێراق سوودیان هەیە؟

**وەڵام:** بەڵێ، چونکە دەبنە "داشۆرگەیەکی سروشتی" و چەندین سوودی تریشیان هەیە، وەکو چی؟

### د- پرۆژەکانی ئاوو - ئاودێری:

مرۆڤ هەر لەکۆنەوە بۆ ڕێکخستنی ئاودێری سوودی لە هەردووڵا ڕووباری دیجلەو فوڕات وەرگرتووە بۆ مەبەستی کشتوکاڵ لەبەر ئەم هۆیانە:

١- زۆربەی خاکی عێراق کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئاووهەوای بیابانی گەرم و وشک لە هاویندا، کەمی باران لە زستاندا.

٢- بڕی باران بارین زۆر کەمەو ناتوانرێت پشتی پێ ببەستین بۆ کشتوکاڵ کردن تەنها لە هەرێمی کوردستاندا نەبێت، ئەمەش تەنها لە وەرزی زستان.

٣- دووبارە بوونەوەی لافاوی ڕووبارەکان لەبەهاردا، بەشێوەیەک زەوییە کشتوکاڵییەکان دەخاتە مەترسییەوە ئەمەش لە ڕووباری دیجلە ڕوودەدات نەک فوڕات.

٤- جیاوازی ئاستی ئاوی دیجلەو فورات لەوەرزێک بۆ وەرزێکی تر، لە ساڵێکدا لەکاتی لافاودا بڕی ئاوەکەی زۆر دەبێت بەڵام لە هاوین و پاییز ئاوەکەیان کەم دەکات، بۆیە چەندین پرۆژەیان لەسەر دامەزراوە، بۆ گلدانەوەو ڕێکخستنی ئاو، پرۆژەکانیش ئەمانەن:

١- **بەنداوی هیندیە:** کۆنترین بەنداوە لەسەر ڕووباری فورات، لەساڵی ١٩١٣ دامەزراوە لای شارۆچکەی هیندیە.

٢- **جۆگە ئاودێرییەکانی ڕووباری فورات:** کە دەکەونە نێوان شاری فەلوجەو بەنداوی هیندیە لە خۆرهەڵاتی ڕووباری فورات دروست کروان، ئاو بۆ زەوییەکانی دەوروبەری بەغدا دابین دەکات، گرنگترین جۆگەکانیش (صەقلاویە) و (ئەبو غرێب) و (یوسفیە)و . . . هتد.

٣- **بەنداوی دیالە (غاطس):** ئەم بەنداوە لەسەر زێی سیروان لەساڵی ١٩٢٨ دامەزراوە بۆ ئاودان، گرنگترین ئەو جۆگەیانەی کەلەو ڕووبارە وەرگیراون وەک (خالص) و (خریسان).

**٤- بەنداوی کوت:** لەسەر ڕووباری دیجلە لای شاری کوت دامەزراوە، ئەمەش ئاوی ڕووبارەکە بەسەر هەردوو جۆگەی (غەراف) و (دوجەیلە) دابەش دەکات.

**٥- جۆگە ئاودێرییەکانی میسان:** ڕووباری دیجلە لە نزیک شاری عەممارە ژمارەیەک جۆگەی لێ بۆتەوە، وەکو جۆگەکانی (بوتەیرە) و (مەجەری گەورە) لەلای ڕاست و لقی (مشرح) و (کەحلا) لەلای چەپی.

**٦- پرۆژەی بەنداوی حەببانیە:** دەکەوێتە لای ڕاستی ڕووباری فورات لە باشووری خۆرهەڵاتی شاری ڕەمادی، بەهۆی بەستی ڕەمادی و جۆگەی (وەراڕ) ەوە بەشێک لە ئاوی ڕووباری فورات لە وەرزی لافاودا دەگەیێنێتە دەریاچەی (حەببانیە)وە.

**٧- بەنداوی سامەڕا و پرۆژەی الثرثار لەسەر ڕووباری دیجلە:** پرۆژەی الثرثار بەگەورەترین پرۆژەکانی دەست بەسەرداگرتن و ئاوگڵدانەوەی ناو دادەنرێ لە عێراق و بەهۆی بەنداوی سامەڕا ئاو دەگەیەنرێتە نزمایی الثرثار.

**٨- بەنداوی الحدیثة:** دەکەوێتە سەر ڕووباری فورات لە باکوری شارۆچکەی حدیثة.




نەخشەی هەردوو پڕۆژەی بەنداوی (حەببانییەو الثرثار)

| **ڕاهێنان** | |
|---|---|
| وەڵامی ڕاست لە بڕگەی (ب) بۆ پرسیارەکانی بڕگەی (أ) هەڵبژێرە: | |
| أ | ب |
| ١- بەنداوی سامەڕا | ١- فورات |
| ٢- پڕۆژەی حەببانیە | ٢- سیروان |
| ٣- بەنداوی دیالە(غاطس) | ٣- دیجلە |
| | ٤- ڕۆخانە |



بەنداوی دەربەندیخان



بەنداوی دووکان

# پرۆژەکانی ئاودێری لە (هەرێمی کوردستان)

| ١- بەنداوی دوکان | ٢- بەنداوی دەربەندیخان | ٣- بەنداوی حەمرین | ٤- بەنداوی ئاسکی موسڵ | ٥- بەنداوی عوزێم | ٦- بەنداوی دوبز |
|---|---|---|---|---|---|
| - دەکەوێتە سەر زێی بچووک.<br>- بۆ گڵدانەوەی ئاو.<br>- بۆ گەشت وگوزار.<br>- بۆ بەدەستهێنانی وزەی کارەبا. | - دەکەوێتە سەر زێی سیروان.<br>- بۆ گڵدانەوەی ئاو.<br>- بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا. | - دەکەوێتە سەر زێی سیروان.<br>- بۆ گڵدانەوەی ئاو.<br>- بۆ ئاودێری. | - دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە لە باکووری ڕۆژئاوای شاری موسڵ. | - دەکەوێتە سەر زێی ڕۆخانە. | - دەکەوێتە سەر زێی بچووک. لە نزیک شارۆچکەی دوبز (پارێزگای کەرکوک). |



بەنداوی حەدیسە



بەنداوی کوت

# بەشی پێنجەم

## چالاکییە مرۆییەکان

١- چالاکی کشتوکاڵی:

یەکەم: کشتوکاڵ.

دووەم: سامانی ئاژەڵ.

٢- سامانی کانزایی:

٣- چالاکی پیشەسازی:

٤- چالاکی گواستنەوەو بازرگانی:

یەکەم: گواستنەوە.

دووەم: بازرگانی.

٥- چالاکی گەشتیاری:



## ١/ چالاكی كشتوكاڵی:

هەر لە كۆنەوە عێراق كشتوكاڵی زانیوە، لەسەرەتاوە لە كوردستانەوە كشتوكاڵ گواستراوەتەوە بۆ ناوچەكانی ناوەڕاست و باشور، لە دواییدا گوندە كشتوكاڵییە سەرەتاییەكان دەركەوتن. كشتوكاڵ لە عێراقدا لە زۆر ڕووەوە بایەخی پێدراوە، لە چاودێری كردن و ئامادەكردنی پەینی كیمیاوی و تۆی پوخت كراو و دروست كردنی داشۆرگەو و ڕاكێشانی ئاو بۆ كێڵگەكان بەتایبەتی لە ناوەڕاستی عێراق، ئەمەو جگە لە ئامادەكردنی پێداویستییەكانی تری چاندن.

## یەكەم: كشتوكاڵ:

**كشتوكاڵ لە عێراق دا جێگای بەرچاوی لە چالاكییە ئابورییەكاندا هەیە، ڕێژەی دانیشتوانی گوندەكان كە لە ساڵی ٢٠٠١ ، ٣٣٪ی ڕێژەی دانیشتوانی عێراق پێک دەهێنا كە بەكاری كشتوكاڵیی و ئاژەڵدارییەوە خەریكن و ڕێژەی دانیشتوانی شارەكانیش ٦٧٪ی دانیشتوانی عێراقی پێک دەهێنا كەزیاتر بەكاری خزمەت گوزارییەوە خەریكن.**

## بەروبوومە كشتوكاڵیەكان:

بەروبوومە كشتوكاڵیەكان دەكرێن بە سێ كۆمەڵ:

گرنگترین هۆكار كە كاردەكاتە سەر سەرجەم بەروبوومە كشتوكاڵیەكان لە عێراق هۆكاری سروشتییە، جگە لەهۆكاری مرۆیی كە ڕۆڵێكی گرنگی هەیە. چونكە كشتوكاڵیش پێویستی بەهەردوو هۆكار هەیە. ئامانج لە كشتوكاڵ لە بەرهەمهێنانی بەروبومی هەمەجۆر، بە پێی ئەم بنەمایانەیە:

| ١- بەروبوومی خۆراک | ٢- ئەو بەروبوومانە كە دەچنە پیشەسازییەوە | ٣- بەروبوومی ئالیک |
|---|---|---|
| | | |

**١- بەروبوومـی خـۆراک:** ئـەم بەروبوومـە بایەخێکـی زۆری هەیـە بـۆ دانیشـتوان چونکـە بەخۆراکـی سـەرەکی دادەنرێـت. جـا بەهـۆی جیـاوازی پلـەی گەرمـی لـە وەرزێکـەوە بـۆ وەرزێکـی تـرو جیـاوازی ئـاوو هـەوای هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ ناوەراست و باشـووری عێراق، بۆیە دابەشـکردنی جوگرافی بەرهەمە کشـتوکاڵیەکان بەپێـی وەرز و هەرێـم جیـاوازن، بەرووبوومـی خۆراکیـش دابەشـدەکرێت بـۆ:

دانەوێڵە | سەوزە | میوە

**أ- دانەوێڵە:**

١- گەنم:

بەروبوومێکـی زسـتانەیە، وەرزی چاندنـی (کۆتایـی مانگـی تشـرینی یەکەمـە)و کاتـی دوورینـەوە (کۆتایـی مانگـی ئایـارە).

بـەزۆری لـە هەرێمـی کوردسـتان دەچێنرێـت، لـەم دەڤـەرە پشـت بەبـاران دەبەستێت (دێمیە).

بـەڵام لـە دەڤـەری (ناوەراسـت)و (باشـوور)ی عێـراق پشـت بـە ئـاوی ڕووبـار دەبەسـتێت(بەراوە).



گەنم

۲- جۆ:

دوای گەنم دێت لەڕووی گرنگی، ئەویش بەروبوومێکی زستانەیە، جیاوازی لەگەڵ گەنم لەوەدایە کە زیاتر بەرگەی کەمئاوی و شۆرەکات و بەرزیی پلەی گەرمی دەگریت ..... هتد.




دروێنەی دەغڵ و دان

٣- برنج:

بەروبوومێکی هاوینەیە، پێویستی بە ئاوی زۆر و بەرزی پلەی گەرمی هەیە بۆیە بەزۆری لە ناوەڕاست و باشوری عێراق دەچێندرێت وەکو پارێزگاکانی (میسان، ذي قار)، لە هەرێمی کوردستانیش لە (ئاکرێ و بازیان)دەچێندرێت.

٤- گەنمەشامی:

بەروبوومێکی هاوینەیە، دوو جۆرە: زەردو سپی. بەزۆری لە پارێزگای (بابل) دەچێندرێت و لەم ساڵانەی دواییدا لە هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆری پێدراوەو بەرهەمەکەی لە زۆربوندایە.

سوودەکانی: بۆ خۆراک، ئالیک، دەرهێنانی ڕۆنی ڕووەک و ... هتد.

## چالاکی

**قوتابی خۆشەویست:** ناوی چوار دانەوێڵە لە خانەکانی (أ) بنووسەو بەرامبەریشیان (٢) سوود بۆ هەریەکەیان بنووسە:

| أ- دانەوێڵە | ب- |
| --- | --- |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |

## ب- سەوزە و میوە:

**سەوزە:** بەشێکی گرنگی خۆراکی ڕۆژانەی دانیشتوانە بۆیە لە دەوروبەری شارە گەورەکاندا دەچێنرێت.

(( جۆرەکانی))

| زستانە | هاوینە |
|---|---|
| سپێناغ | تەماتە |
| پاقلە | بامیە |
| شێلم | ئارو |
| کەلەم | باینجان |

**میوە:** بەرووبومێکی زستانە وهاوینەیە، بەشێکی گرنگی خۆراکی مرۆڤیش پێك دێنێت.

مزرەمەنی وەکو:

| پرتەقال | لیمۆی ترش | لیمۆی شیرین | سندی | لالەنگی |
|---|---|---|---|---|

بەزۆری لە پارێزگاکانی بەغداو دیالە و کەربەلا و سەلاحەدین هەن.

هەروەها: ترێ و سێو و هەرمێ ........ و ......... و ........





## خورما:

خورما بەروبوومێکی زۆر گرنگە لە عێراق، ژمارەی دارخورماکان دەگاتە (٢٢) ملیۆن دار.

ڕێژەیەکی زۆر لە پارێزگاکانی (بەسرە) و (بەغدا) و (دیالی)دا هەیە، لە گرنگترین جۆرەکانی خورما: خەستاوی، زوهدی، حیلاوی ... هتد.



**دار خورما**

## چالاکی

**قوتابی خۆشەویست:** ئەم وێنانەی لە خانەکاندا هەن، وێنەی سەوزە و میوەن، وەرزی چاندنیان دیاربکە.

| | | |
|---|---|---|
|  |  |  |
| | | |
|  |  |  |
| | | |

## ٢– (ئەو بەروبوومانەی کە دەچنە پیشەسازییەوە):

لەبەر ئەو گۆڕانەی کە لە گشت بوارەکانی ژیان لە عێراق دا ڕوودەدات بەتایبەتی لە بواری پیشەسازی، وا پێویست دەکات بایەخ بدرێت بەو بەروبوومانەی کە دەبنە کەرەستەی خاو لە پیشەسازیدا، کە گرنگترینیان:

### ١– لۆکە:

بەرهەمێکی هاوینەیە، لە هەرێمی ناوەڕاست و هەرێمی کوردستان دەچێنرێت، چاندنی جۆری نایابی لۆکەی میسری لە هەرێمی کوردستاندا سەرکەوتوو بووە، لۆکە لە دوای بەروبوومە خۆراکییەکان بە پلە دوو دێت. دەچێتە پیشەسازی چنینی لۆکەو دەرهێنانی ڕۆنی ڕووەکی، هەروەها بۆ ئالیکیش بەکاردێت.

**چالاکی**

**لۆکە لەم بوارانە بەکاردێت.**

### ٢– توتن:

بەرهەمێکی هاوینەیە و لەگشت پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە سلێمانی و هەولێر دەچێندریت، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا چاندنی توتن لە پاشەکشێ دایە چونکە ناتوانێت بەربەرەکانی بازاری توتنی بیانی بکات.

### ٣- کونجی:

لە بەروبوومە ڕۆندارەکانە لە هاویندا لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا دەچێنرێت بە زۆری لە هەرێمی ناوەراست دا، پارێزگای(واسط) بە پلەی یەکەم دێت لەبەر هەمهێنانی کونجی، دەچێتە پیشەسازی ڕۆنی ڕووەکی و پیشەسازی ئالیکی تایبەتی بۆ پەلەوەر(باڵندەی ماڵی)، بۆیە بایەخ بە چاندنی دراوە.

### ٤- قامیشی شەکر:

بەروبوومێکی هاوینەیە، لە پارێزگای (میسان) دەچێندرێ، وەک کەرەستەیەکی خاو دەچێتە پیشەسازی شەکر.

### ٥- چەوەندەر:

بەروبومێکی زستانەیەولە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دا دەچێنرێت ئەمیش دەچێتە پیشەسازی شەکر.

### ٣- بەروبوومەکانی ئالیک:

گرنگی زۆر دراوە بەم جۆرە بەروبوومانە، چونکە زۆر پێویستن بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ، وێنجەو سێپەرە لە بەروبوومە گرنگەکانی ئالیکن.

## بایەخی کشتوکاڵ لەئابووری عێراق:

١- دابین کردنی خۆراک وەك: دانەوێڵەو سەوزەو میوە.

٢- ناردنە دەرەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی بەشێکی گرنگی داهاتی نەتەوەیی پێك دەهێنێت ودراوی بیانی بۆولاَت پاشەکەوت دەکات.

٣- بەدەست هێنانی کەرەسەی خاوی پێویست بۆ پیشەسازی ناوەخۆ وەك لۆکەو چەوەندەرو تووتن.....هتد.

٤- ئامادەکردنی ئالیکی پێویست بۆ ئاژەڵ.

## دووەم: سامانی ئاژەڵ:

سامانی ئاژەڵ ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەکردنی ئابووری وڵاتدا هەیە، چونکە:

| | | |
|---|---|---|
| لایەنێکی گرنگی سامانی کشتوکاڵییە | خۆراکی سەرەکی بۆ دانیشتوانی وڵات دابین دەکات | دەبێتەسەرچاوەی کەرەستەی خاوی پیشەسازی |

### چالاکی

سامانی ئاژەڵ دەبێتە مایەی دابین کردنی چەندین جۆری خۆراک بۆ مرۆڤ، لەوانە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| گۆشت | و | و | و |

**سامانی ئاژەڵ لە عێراقدا لەمانەی خوارەوە پێکهاتووە:**

**مەڕ:** لەبەر گونجاوی ئاوو هەوای وڵاتی عێراق، لەهەموو پارێزگاکان بەخێودەکرێت.

لەجۆرەکانی مەڕ: مەڕی عەرەبی، مەڕی کوردی، مەڕی عەواسی.

**بزن:** بە شێوەیەکی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان بەخێودەکرێت، بەرێژەی کەمتر لە ناوەڕاستی عێراق.

لەجۆرەکانی بزن: بزنی ئاسایی، بزنی مەرەزی.

## له جۆرەکانی تری ئاژەڵ لەعێراق:

| مانگا و گامێش | وڵاغی سوار و باریەر | پەلەوەر و ماسی و هەنگ |
|---|---|---|
| له هەموو دەڤەرەکانی وڵاتدا بەخێودەکرێت. له جۆرەکانی<br>- مانگای ئاسایی<br>- مانگای کوردی | لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا بەخێو دەکرێت،وەکوحوشتر و ئەسپ و گوێدرێژ و... | پەلەوەر و ماسی دوو سەرچاوەی گرنگی خۆراکن بۆ دانیشتوانی عێراق، لەم ماوەیەدا گرنگیی بە ڕاگرتنی هەنگ دراوە. |

**چالاکی** له خانه بەتاڵەکانی بەرامبەر ناوی ئاژەڵەکە، سوودەکانی بنووسە:

| ناوی ئاژەڵ | سوودەکانی |
|---|---|
| مەڕ | |
| بزن | |
| مانگا | |
| ماسی | |
| مریشك | |

## گرفتەکانی بەخێو کردنی ئاژەڵ له عێراق:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- نەشارەزایی دەربارەی بایەخی سامانی ئاژەڵ. | ٢- کەمی ئالیك و خراپیی جۆرەکەی. | ٣- کەمی ڕادەی چاودێری تەندروستی ئاژەڵ. | ٤- ناهاوتایی له ڕێژەی گەشەسەندنی سامانی ئاژەڵ و ژمارەی دانیشتوان. |



## ٢/ سامانی کانزایی:

سامانی کانزا بەبنەمای سەرەکی پەرەپێدانی پیشەسازی دادەنرێت، خاکی عێراق سامانی کانزایی زۆری تێدایە، بەڵام دەرهێنانی کانزا هەتا ئێستاش تەنها چەند کانزاییێک دەگرێتەوە، گرنگترینیان:

**١- پترۆڵ(نەوت):** هەر لەکۆنەوە دانیشتوانی عێراق نەوتیان ناسیوە تا ئێستاش ئەم گرنگیەی هەر ماوەو بۆتە شادەماری ژیان و پێشکەوتن، لە هەموو سەرچاوەکانی وزە زیاتر بەکاردێت هەروەها کەرەستەی خاویشە بۆ چەندەها پیشەسازی وەک: (پیشەسازی پترۆکیمیاوی).

عێراق لەبەرهەمهێنانی پترۆڵ (نەوت) لە جیهاندا پلەیەکی پێشکەوتووی هەیە، لە ساڵی ١٩٧٩ دا بەرهەمی گەیشتۆتە نزیکەیی ١٦٠ ملیۆن تەن، بە پلەی پێنجەمدا دێت لەیەدەگی نەوت جیهاندا.



**بەرهەمهێنانی نەوت لە کەرکوك**

## دابەش بوونی جوگرافی کێڵگە پترۆلیەکانی عێراق:

### ١- کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان:

أ- کێڵگەکانی خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە لە پارێزگای کەرکوک: کە بریتین لە کێڵگەکانی باباگوڕگوڕ، چەمەبۆر، بای حەسەن.

ب- کێڵگەکانی خۆرئاوای ڕووباری دیجلە لە(موسل - نەینەوا): کە بریتین لە عەین زالە و بەتمە.

جـ- کێڵگەکانی نەوتی شیواشۆک لە تەق تەق.

د- کێڵگەکانی ڕۆژهەڵات (پارێزگای دیالە): کێڵگەکانی نەفتخانە لەنزیک خانەقین.

هـ- کێڵگەکانی نەوتی تاوکێ لە زاخۆ.

### ٢- کێڵگەکانی باشوور:

أ- کێڵگەکانی پارێزگای بەسرە: کە بریتین لە کێڵگەکانی زوبێر، رومێلەی باکوورو باشوور، ئەرتاوی.

ب- کێڵگەکانی پارێزگای (میسان): کە بریتین لە کێڵگەکانی ئەبوغراب، فەککە، بازرگان.



**نەوت لە کێلگەی زوبێر (پارێزگای بەسرە)**




## نەخشەی کێڵگە نەوتییەکان لە عێراق

## ٢- گۆگرد:

گۆگرد بایەخێکی ئابووری گەورەی هەیە بەتایبەتی لە پیشەسازیدا،لەم چەرخەدا ڕادەی پێشکەوتنی دەوڵەت لە پیشەسازیدا بەندە بەبەکارهێنانی گۆگرد،چونکە لە گەلێك پیشەسازیدا بەکار دەهێنرێت وەك: پیشەسازی پەیین، شوشە،کاغەز، فۆسفات،داوودەمان،لاستیك...هتد.

### سەروچاوەکانی گۆگرد دوو جۆرن:

أ- گۆگردی نیشتووی ژێر زەوی لە ناوچەی (میشراق)ی باشووری شاری مووسڵ هەیە.

ب- لە گازی سروشتی: لە کارگەی پوختە کردنی گۆگرد لە کەرکوك دروست دەکرێ.

## ٣- فۆسفات:

بەنیشتوویی لە بانی ڕۆژئاوای نزیك شاری (روتبە) لە دەڤەری عەکاشات دا زۆرە، کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی بۆ دروست کردنی جۆرەکانی پەینی فۆسفات دامەزراوە، بەرهەمەکانی سوودی زۆری بۆ وولات هەیە.

کانزای تریش هەن وەك: گازی سروشتی،قیر، خوێ، خەڵووزی بەردین، ئاسن ، مەرمەڕ .....هتد.

## ٣/ چالاكی پیشەسازی:

پیشەسازی لە عێراقدا دەكرێ بە دوو بەشی سەرەكی:

١- پیشەسازی دەرهێنان: وەكو نەوتی خاو و گۆگرد و فۆسفات.

٢- پیشەسازی گۆڕین: بریتیە لە گۆڕینی كەرەسەی خاوی كانزایی و ڕووەكی و ئاژەڵی وەكو نەوتی خاو و لۆكە و خوری.

## گرنگترین پیشەسازییەكانی گۆڕین:

أ- پیشەسازی خۆراك وەكو: ڕۆنی ڕووەك و شەكر لە میسان و بەسرە و بەغدا.

ب- پیشەسازی كیمیاویی وەكو: پیشەسازی دەرمان لە سامەڕا و سابون و كاغەز لە بەسرە.

جـ- پیشەسازی كەرەسەی خانوبەرە وەكو: چیمەنتۆ لە (سلێمانی)، خشت لە (سەماوە) و (حیللە)، شوشەو چیمەنتۆ لە (ڕەمادی).



كارگەی چیمەنتۆی بازیان

## له گرنگترین پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- پیشەسازی دەرهێنانی نەوت و گازی سروشتی لە پارێزگای (کەرکوک)و هەولێر و خانەقین. | ٢- پیشەسازی چیمەنتۆ لە (تاسلوجە و بازیان) لە سلێمانی و (لەیلان) لە کەرکوک. | ٣- پیشەسازی قوتوبەند و خۆراک لە هەولێر. | ٤- کارگەی تواندنەوەی ئاسن لە هەولێر. |



کارگەی تواندنەوەی ئاسن لە هەولێر

## ٤/ چالاکی بازرگانی و گواستنەوە:

### یەکەم: بازرگانی:

دەتوانین بڵێین چالاکی بازرگانی بەندە بەئاستی پێشکەوتنی هۆیەکانی گواستنەوە، بۆیە گەشەکردنی قەبارەی بازرگانی شان بەشانی بوونی هۆیەکانی گواستنەوە دەڕوات.

هەروەها باری بازرگانی بەندە بەگەشەکردنی ئابووری (کشتوکاڵ و پیشەسازی) هەر وڵاتێک. بازرگانی دەکرێت بە دوو بەش:

#### أ- بازرگانی ناوەخۆ:

مەبەستی لە گواستنەوەی کەلوپەل و کار گوزارییەکانە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری ناوەوەی وڵات.

#### ب- بازرگانی دەرەوە:

گواستنەوەی کەلوپەل و کار گوزارییەکانە لە نێوان عێراق و وڵاتانی دیکە یان بریتییە لە ناردەنی و هاوردەی کەلوپەل. عێراق نەوت و خورما و دانەوێڵە..... هتد. دەنێرێتە دەرەوە، بەرهەمی پیشەسازی بەتایبەتی مەکینە و ئامێر و ئوتومبێل و ئەو کەرەستانەش کە بۆ پیشەسازی ناوەخۆ پێویستن لە دەرەوە دەهێنێت.

## دووەم: گواستنەوە:

ڕێگاکانی گواستنەوە بە شادەماری زیندەگی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیری هەر وڵاتێک لە وڵاتانی جیهان دادەنرێن.

- ڕێگاکانی گواستنەوە
  - ڕێگەی وشکانی
  - ڕێگەی ئاوی
  - ڕێگەی ئاسمانی

**ڕێگەی وشکانی**

أ- ڕێگەی ئوتومبێل.



ب- ڕێگەی ئاسنین (شەمەندەفەر).



| | |
|---|---|
| **ڕێگەی ئاوی** | أ- ڕووبارەکان: ڕێگەی دیجلەو فوڕات.<br>ب- ڕێگەی دەریایی: کەنداوی عەرەبی.<br> |
| **ڕێگەی ئاسمانی**<br>**گرنگترین فرۆکەخانەکان لە عێراق:**<br>هەولێری نێو دەوڵەتی، بەغدای نێو دەوڵەتی، فڕۆکەخانەی نەجەف، سلێمانی نێو دەوڵەتی. | **فڕۆکە**<br> |

## گرنگترین ڕێگا وشکاونییەکانی عێراق:

١- ریگای بەغداد - موسل - دهۆک - زاخۆ - ئیبراهیم خەلیل.

٢- ڕێگای بەغداد - کەرکوک - هەولێر - حاجی ئۆمەران.

٣- ڕێگای بەغداد - کوت - عەمارە - بەسرە.

٤- ڕێگای بەغداد - کەرکوک - سلیمانی.

٥- ڕێگای بەغداد - رومادی - روتبە.

٦- ڕێگای بەغداد - دیالە - دیوانیە - سەماوە - ناسریە - بەسرە.




نەخشەی رێگا سەرەکیەکانی ئۆتۆمبێل

## ٥/ چالاکی گەشتیاری:

گەشتیاری داهاتێکی ئابووری گرنگ بۆ وڵات دابین دەکات، لە عێراقدا چەندین توانای گەشتیاری سروشتی هەیە، کە بۆتە هۆی هاندانی گەشتیاران تا سەردانیان بکەن، گرنگترینیان ئەمانەن:

### ١- هۆکاری سروشتی:

**أ- ناوچەی زۆنگ و زەلکاوەکان:**

ناوچەیەکی سروشتی جوانن و دەوڵەمەندن لە رووی ئاو، رووەکی سروشتی، باڵندەی کێوی.

**ب- ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان:**

هەرێمی کوردستان توانای سروشتی زۆری تێدایە بۆ گەشتیاری بەتایبەتی دەڤەرە شاخاویەکان بوونەتە گرنگترین شوێنی گەشتیاری رێژەی هەرە زۆری دامەزراوە گەشتیارییەکان لە سەرتاپای عێراق لە باوەش دەگرێ ئەمەش بەهۆی:

١- هەمە جۆری دیمەنە سروشتییەکان، کە دڵرفێن و سەرنج راکێشن، وەکو چیا و دۆڵ و ئەشکەوت و تاڤگە و رێگا بەرز و پێچاوپێچەکان.

٢- ئاووهەوای گونجاو، هاوینان پلەی گەرما لە ناوچە شاخاوییەکان فێنک و نزمە.

٣- دەوڵەمەندە لەرووی رووەکی سروشتییەوە، بوونی دارستان و گژوگیا جوانی پێبەخشیوە، تابێتە شوێنێکی گەشتیاری.

٤- دەوڵەمەندە بەسەرچاوەی ئاو: رووبارو کانیاوەکان (کانزایی و گەرم) بوونە هۆی دروست بوونی شوێنە گەشتیارییەکان.

٥- بوونی ژمارەیەک زۆر باڵندەو ئاژەڵی کێوی.

ئەمە جگە لە چەند هۆکارێکی دیکە کە ناوچە شاخاوییکان ببێتە شوێنێکی گەشتیاری گونجاو.

بەناوبانگترین هاوینەهەوارو سەیرانگەکانی هەرێمی کوردستان ئەمانەن:

١- هاوینەهەوارەکانی پارێزگای هەولێر وەک: شەقلاوە، گەلی عەلی بەگ، بێخاڵ، جوندیان.

٢- هاوینەهەوارەکانی پارێزگای دهۆک وەک: زاوێتە، سوارەتوکە، سەرسەنگ، سۆلاف، شەرانش.

٣- هاوینەهەوارەکانی پارێزگای سلێمانی وەک: سەرچنار، ئەحمەد ئاوا، دوکان، دەربەندیخان، قەرەداغ، ئەزمەر.

٤- سەیرانگەکانی پارێزگای کەرکوک وەک: قەرەهەنجیر، قەرەحەسەن، عومەرەگەدە.

### ٢- هۆکاری مرۆیی:

أ- **بوونی شوێنەواری دێرین** کە ناوبانگی ناوخۆ و جیهانیان هەیە، لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقدا شوێنەواری کۆنترین شارستانیەتی مرۆڤایەتی هەیە. وەک شوێنەوارەکانی پارێزگاکانی: هەولێر کەرکوک و بەغداو نەینەوا شوێنەواری بابل.

ب- **بوونی مەزارو جێ نزرگای ئایینی** لە کەربەلا و نەجەف و مووسڵ و بەغدا و سلێمانی و سامەڕا .... هتد.

**جـ- دەوڵەمەندە بەرهەمی کەلتوریی پیشە دەستییەکان.**

د- **بەنداوە مەزنەکانی گڵدانەوەی ئاوی تێدایە** وەک: دوکان، دەربەندیخان، حەببانیە، سەرسار، حەدیثە، ... هتد.

## بایەخی گەشتیاری:

١- سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی نەتەوەییە.

٢- هۆکارێکی گرنگە بۆ ناساندنی وڵات بە بیانیەکان.

٣- هۆی حەوانەوەو تازەکردنەوەی چالاکی مرۆڤ و پەیداکردنی هەڵی کارە.



**تاڤگەی گەلی علی بەگ**



مەرقەدی نەبی یونس لە پارێزگای موسڵ



مەرقەدی ئیمام حوسین لە کەربەلا



مەزاری (رەبەن بویا) لە شەقڵاوە



(پەرستگای لالش) لە شێخان



# بەندی دووەم

# مـێـژووی

# کوردستان و عێراقی

# نوێ و هاوچەرخ



## بەشی یەکەم:

# کوردستان و دەسەڵاتی عوسمانی

### أ- کوردستان لەسەرەتای سەدەی شازدەهەمدا:

کوردستان بەشێوەیەک لەسەرەتای سەدەی شازدەهەمدا لە چەندین میرنشین و دەسەڵاتی میراتگری کوردی پێکهاتبوو کە هەریەکەیان وەک نیمچە دەولەتێک حوکمی ناوچەیەکی ئەم وولاتەیان دەکرد. ئەم میرنشینانە لە ڕووی دەسەڵات و ڕووبەرو هێزەوە لە یەکتر جیاواز بوون، هەندێکیان دەسەڵات و ڕووبەرێکی سنووردایان هەبوو، کەچی میرنشینی وا هەبوو هەرێمێکی فراوانیان لە ژێر دەستدا بوو. هەروەها دەتوانین بڵێین هەندێک میرنشین بەتەواوی سەربەخۆ بوون، بەڵام هەندێکی تریان پاشکۆی دەولەتێکی گەورەی هەرێمەکە بوون.

لە کوردستان لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر میرنشین حوکمڕانی کردووە لەوانە:

| هەندێك لە میرنشینە کوردییەکان لە کوردستان | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| میرنشینی هەکاری | میرنشینی بۆتان | میرنشینی لورستان | میرنشینی بادینان | حکومەتی سۆران | میرنشینی ئەردەلان | میرنشینی موکریان |

## ڕاهێنان

قوتابی خۆشەویست بە یارمەتی مامۆستاکەت هەوڵبدە ناوی چەند میرنشینێکی تر بنووسە،جگە لەوانەی سەرەوە:

١ ........................ ٢ .................. ٣ ..................

## ب- فراوانخوازیی دەوڵەتی سەفەوی لە كوردستاندا:

لەساڵی ١٥٠١ز شا ئیسماعیلی سەفەوی بناغەی دەولەتێكی نوێی لە هەرێمی ئازەربایجانی ئێران دانا، كە بەناوی شێخ سەفییەدینی باپیرە گەورەی شا ئیسماعیل ناونراو بوو بە (دەوڵەتی سەفەوی). دوای ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئێراندا سەپاند، شا ئیسماعیل چاوی بڕییە وڵات و هەرێمەكانی دەوروبەری، وەك كوردستان وعێراق كە بایەخی سیاسی و ئابووری و ئایینی گرنگیان هەبوو. لە نێوان ساڵانی ١٥٠٦ ـــ ١٥٠٨ز توانی بەشی هەرە زۆری كوردستان داگیر بكات، ئەویش لە ڕێگای هێزی سەربازی لەلایەك و بەكارهێنانی شێوازی نەرم و پێدانی گفت و بەڵێن لەلایەكی تر. بەڵام ئەم دەستكەوتانەی لە كوردستان وا بە ئاسانی بۆ دەستەبەر نەبوو، چونكە هەندێك میرنشین و دەسەڵاتداری كورد بەتوندی لە دژی هێرشەكانی شا ئیسماعیل وەستان و زیانی زۆریان لێی دا.

سەبارەت بە ناوچەكانی عێراقیش شا لە ساڵی ١٥٠٨ز توانی دەست بەسەر شاری بەغدا دابگرێت و دەوڵەتی (ئاق قۆینلو) بڕوخێنێت كەلەوێ دەسەڵاتدار بوو، ئینجا شاڵاوی بۆ ناوچەكانی خوارووی عێراق بردو تا شاری (بەسرە)ی داگیركرد.

لە بەرامبەر میرو سەركردە كوردەكان شا ئیسماعیل لە سەرەتا سیاسەتێكی نەرمی پیادەكرد و لە شوێنی خۆیانی هێشتنەوە، بەڵام دوای چەسپاندنی دەسەڵاتی كەوتە هەڵی لەناوبردنی ئەم دەسەڵاتە كوردییانە، چونكە لەوە دەترسا لێی هەڵگەڕێنەوە و هەوڵی سەربەخۆیی بدەن، ئەمەش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی نارەزایی لە نێو كوردو كەوتنە بیركردنەوە لە هەڵوێستی گونجاو بەرامبەر ئەم سیاسەتەدا.

## ج - ململانێ ی عوسمانی و سەفەوی و شەڕی چاڵدێران :

لە کۆتاییەکانی سەدەی سێزدەهەمی زایینی میرنشینێکی تورکی لە باکووری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ پێکهات، دامەزرێنەرەکەو باپیرە گەورەی بنەماڵەکە میر(عوسمان کوڕیئارتوغرول) بوو، بۆیە بە میرنشینی عوسمانی ناونراو دواتریش کە فراوان بوو بە (دەوڵەتی عوسمانی) ناسرا، ئەم دەوڵەتە لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمدا بوو بە ئیمپراتۆریەتێکی فراوان و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەنادۆڵی لەخۆ گرتبوو.



عوسمان کوڕی ئارتوغرول

## ڕاهێنان

١- شا ئیسماعیل چاوی بڕییە کوردستان و عێراق چونکە بایەخی ............ و ............. و ............ هەبوو.

٢- شا ئیسماعیل بە دوو ڕێگا ناوچەکانی داگیرکرد یەکەمیان ............ و دووەمیان ............. .

## شەڕی چاڵدێران:-

ئەم فراوانخوازییەی دەوڵەتی سەفەوی کە پێشتر باسمان کرد هەڕەشەی لە سنووری ڕۆژهەڵاتی عوسمانییەکان دروستکرد، بۆیە سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی جەنگی لە دژی دەوڵەتی سەفەوی ڕاگەیاند و هەردوو لەشکر لە (٢٣) ی ئابی ١٥١٤ز لە دەشتی چاڵدێران بەیەکگەیشتن کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان، لەشکری عوسمانی کە پشت ئەستوور بوو بەچەکی تۆپ و هێزێکی پیادەی ڕێکخراوترو بەهێزتری هەبوو، لەشەڕەکەدا سەرکەوت و شا ئیسماعیل بە بریندارى لە گۆرەپانی شەڕەکەدا ڕزگاری بوو.

دوای ئەم سەرکەوتنە سوڵتان سەلیم چووە ناو شاری (تەورێز)ی پایتەختی سەفەوی، بەڵام دواتر لێی کشایەوە و شا ئیسماعیل هاتەوە ناو پایتەختی دەوڵەتەکەی. هەرچەندە لە ئەنجامی ئەم شکستەی دەوڵەتی سەفەوی نەرووخاو لەناوچوو، بەڵام دەسەڵاتی لە کوردستاندا بەتەواوی لاوازبوو.



**شـەڕی چاڵدێران ( لە شـەرەفنامە وەرگیراوە )**

## د - ڕۆڵی کورد لە شەڕی چاڵدێراندا:

هـەردوو دەوڵەتـی عوسـمانی و سـەفەوی پێش شـەڕی چاڵدێـران هەوڵیانـدا سوود لە هێزو توانای کورد وەربگرن، بەڵام زۆربەی میرو سەرکردە کوردەکان لایەنگیـری دەوڵەتـی عوسـمانی بـوون، چونکـە سـەفەوییەکان سیاسـەتێکی توندوتیژیان بەرامبەریان پیادەکردبوو وەک پێشتر باسمان کرد، هەروەها سوڵتان سـەلیمی عوسـمانی چەندیـن بەڵێنـی بەکـورد دا بـۆ ئـەوەی قـەوارەو میرنشـینە کوردییـەکان لـە شـوێنی خۆیانـدا بهێڵێتـەوەو دانیـان پێدابنـێ، ئەویـش لـە ڕێگـەی کەسایەتیەکی کورد، کە مەلا ئیدریسی بەدلیسی بوو، لە ئەنجامدا شازدە میری کورد بەخۆیان و هێزەکانیان دایانە پاڵ لەشکری عوسمانی لە شەڕی چاڵدێراندا.



شا ئیسماعیلی صەفەوی



سوڵتان سەلیمی یەکەم

## ڕاهێنان

ئەم بۆشاییانە پڕبکەرەوە:

١- چاڵدێران دەکەوێتە بەشی .................. دەریاچەی وان.

٢- سوڵتان سەلیم شاری ............... داگیرکرد کە پایتەختی سەفەوییەکان بوو.

### هـ - ئەنجامەکانی شەڕی چاڵدێران لەسەر کوردستان:

شەڕی چاڵدێران کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر کوردستان، چونکە لە ئەنجامی ئەم شەڕە هەندێ گۆڕانکاری تر ڕوویدا، کوردستان بۆ یەکەم جار بە کردار لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی دابەش بوو، وەک دواتر باسی دەکەین.

راستەوخۆ لە دوای شەڕی چاڵدێران ڕاپەرینێکی بەرفراوان لە کوردستاندا ڕوویدا، کاتێ کورد لە زۆربەی شارو قەڵاکانی دژی پاشماوەی هێزەکانی سەفەوی ڕاپەرین بۆ ئەوەی بەدەریان بنێن، ئەوەبوو دیاربەکر و بەدلیس و سەعەرد و ساسۆن و پاڵۆ و کەرکوک و هەولێر و هەندێ شاری تر، هێزەکانی سەفەوی لێ وەدەرنان و میرو سەرکردە کوردەکان دەسەڵاتیان لە ناوچەکانی خۆیان دامەزراندەوە.

## چالاکی



## و - ڕێکەوتنامەی مەلا ئیدریسی بدلیس و سوڵتانی عوسمانی:

ڕازیبوونی کورد بە دەسەڵاتی عوسمانی بەپێی ڕێکەوتنامەیەک بوو، کە لە نێوان میرو سەرکردە کوردەکان لە لایەک و دەوڵەتی عوسمانی لە لایەکی تر بەسرا، مەلا ئیدریسی بەدلیسیش کە نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بوو، نێوەند بوو لە نێوان هەردوو لاو لەساڵی (١٥١٤ز) ئەم ڕێکەوتنامەیەی ڕێکخست، کە تیایدا هاتبوو.

١- دان بە حوکمی پشتاوپشت و سەربەخۆیی ناوخۆیی میرنشینە کوردیەکاندا نرابوو.

٢- کورد لەشەڕدا یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی بدات.

٣- کورد باج و سەرانە بە دەوڵەتی عوسمانی بدات.

### گرنگی ڕێکەوتنامەکە:

لە نووسراوە ڕەسمییەکانی دەوڵەتی عوسمانی دان بەو ڕێکەوتنامەیە دانراوەو لە ڕێکخستنە کارگێڕییەکاندا بە هەند هەڵگیراوە، هەروەکو لە نامەیەکی ڕەسمی سوڵتان سەلیمی یەکەمدا دەردەکەوێت کە لە ساڵی (١٥١٥ز) بۆ مەلا ئیدریسی بەدلیسی ناردووە. بۆیە دەتوانین بڵێین کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا دەسەڵاتی خۆماڵی و سەربەخۆیی ناوخۆیی خۆی پاراستووە، یان بە گوتەی ئێستا کورد لەو سەردەمە جۆرێک لە (فیدرالی) هەبووە.



**مەلا ئیدریسی بەدلیسی**

## ز - فراوانخوازییەکانی سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی:

لە ساڵی ١٥٣٣ کە سوڵتان سلێمانی قانونی لەسەر تەختی عوسمانی بوو دووبارە جەنگ لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی دەستی پێکردوە، لە ئەنجامی هەڵمەت و شالاوە سەربازیەکانی ئەو جەنگەش کوردستان بووە سەرە ڕێی لەشکرکێشییەکان و گۆڕەپانی بەگژیەکداچوونی هێزەکانی هەردوو دەوڵەت.

لە کۆتاییشدا دوای مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی (ئاماسیە)ی ساڵی ١٥٥٥ز لەنێوان هەردوولا چەندین ناوچەی تری کوردستان هاتە پاڵ ئەو ناوچانەی کە سوڵتان سەلیم لە کوردستان بەدەستی هێنابوو، ئەوانیش بریتیبوون لە ناوچەکانی (وان) و (ئەرزەڕۆم) و (شارەزوور).

**چالاکی:**

دوو گروپی قوتابی بۆ وانەی داهاتوو (دوو) ڕاپۆرت ئامادە دەکەن:

| | |
|---|---|
| یەکەمیان: ئاسەواری لەشکرکێشی و شەڕ لەسەر ژیانی کورد. | دووەمیان: گرنگی شوێنی کوردستان چی دەگەیەنێ؟ |



سوڵتان سلێمانی قانوونی

**چالاکی:**

**مامۆستای بەڕێز:** داوا لە قوتابییان بکە.. بۆ وانەکانی داهاتوو پەخشێکی سەر دیوار لەمەڕ مێژووی کورد ئامادە بکەن.

# بەشی دووەم:

## بارودۆخی کوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا

### أ- کوردستان لەژێر سایەی ڕژێمی کارگێڕی عوسمانیدا:

لە ئەنجامی ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە سوڵتان سەلیم لەگەڵ میرە کوردەکانی بەست، دەوڵەتی عوسمانی بارودۆخێکی کارگێڕی تایبەتی بۆ کوردستان ڕەخساند، کە تیایدا میرنشینە کوردەکان سەربەخۆییەکی تەواویان هەبوو لە کاروباری ناوخۆیی و پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکتردا، تەنانەت دەسەڵاتە کوردەکان مافی کۆکردنەوەی باج و خەراجیشیان هەبوو لە ناوچەکانی خۆیان بێ دەست تێوەردانی عوسمانییەکان. هەروەها ئەو میرنشینە کوردییانەی گەورە بوون و بایەخێکی گرنگیان هەبوو عوسمانییەکان بەڕەسمی پێیان دەگوت (حکومەتی کوردی). ئەمانە هەمووی لەبەرامبەر جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە لەسەریان بوو.

### پێکهاتەی کارگێڕی دەوڵەت:




لە نموونەی ویلایەتەکانی کوردستان: ویلایەتی شارەزوور و دیار بەکر و وان و ئەرزڕۆم و موسڵ و...هتد.

## (( هەندێک لە میرنشینە کوردیەکان ))

### ١- میرنشینی بادینان:

سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی سێزدەمی زایینی، دەسەڵاتی ئەو میرنشینە ئەو ناوچەیەی دەگرتەوە کە ئێستاش پێی دەگوترێ دەڤەری (بادینان) کە سەرووی زێی بادینان (زێی گەورە) تا سنووری عێراق و تورکیای ئێستا، مەڵبەندی دەسەڵاتی میرنشینەکە لە قەڵای (ئامێدی) بوو. میری بادینان پلەوپایەکی دیاری لای دەسەڵاتدارانی عوسمانی هەبوو و پالپشتی عوسمانییەکانی کردبوو لە شەڕی چالدێراندا، بۆیە ڕۆڵێکی دیاری لە ناوچەکە هەبوو. لە سەرەتای سەدەی حەڤدەمیش بووژانەوەیەکی دیاری بەخۆوە بینی، تەنانەت یەکێک لە میرەکانی بادینان کرا بە والی (موسڵ). هەرچەندە لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە میرنشینەکە بێ هێزبوو، بەلام کاتێ لە ساڵی ١٧١٤ (بارام پاشا) دەسەڵاتی وەرگرت کۆتایی بەم بێ هێزییە هێنا، ئەو میرە کە بە (پاشایێ مەزن) بەناوبانگە، هێمنی و ئاسایشی لە بادینان سەپاندو بەهۆی دادوەری و دەستکراوەیی دڵی دانیشتووانی بۆ خۆی ڕاکێشاو کاری ئاوەدانکاری و پەرەپێدانی زۆری ئەنجام دا. بەلام دوای مردنی، ئاژاوەی ناوخۆیی میرنشینەکەی لاوازکرد، تا لە ساڵی ١٨٣٣ (محەمەد پاشای) میری سۆران توانی بەهێز بادینان بخاتە سەر میرنشینەکەی. بەلام دەسەلاتدارانی عوسمانی بەم کارە رازی نەبوون و لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٨٤٢ دەسەلاتی میرنشیەنەکەیان لەناوبرد.





**شاری ئامێدی و دەرگەهێ بادینان**

## بووژانەوەی ژیان (گەشەسەندنی میرنشینەکە):

ناوچەی بادینان لە ژێر سایەی میرنشینەکەدا گەشەسەندنێکی ئابووری و ڕۆشەنبیری بەخۆوە بینی بوو، چەندین بەروبوومی کشتوکاڵی و پیشەگەری دەنێردرایە دەرەوە بە تایبەتی بۆ موسڵ وەک توتن و خەڵوز و مس و ئاسن، هەروەها چەندین قوتابخانەو خوێندنگا دامەزران وەک قوتابخانەی (قوببەهان) کە سەدەها کتێب و چەندین مامۆستای بەتوانای لە خۆگرتبوو کە بوارە جۆربەجۆرەکانی زانستی ئەو کاتەی تێدا دەخوێندرا.



**شوێنەواری قوتابخانەی قوببەهان لە (ئامێدی)**

### ٢- میرنشینی سۆران:

ئەو میرنشینە بە زۆری حوکمی ئەو دەڤەرەی نێوان هەردوو زێی گەورە و بچووکی دەکرد، کە ئێستا پارێزگای هەولێری لێ پێکدێت. میرەکانی سۆران لەماوە جیاجیاکاندا ناوچەکانی (هەریر) و (شەقڵاوە) و (دوین) و(هەولێر)و (ڕەواندز)یان کردووە بە پایتەختی خۆیان. لە شەڕی چالدێراندا میری سۆران دایە پاڵ عوسمانییەکان و ناوچەکانی خۆی لە هێزەکانی سەفەوی پاککردەوە. بەڵام لە ساڵی ١٥٣٤ز سوڵتانی عوسمانی میرەکانی سۆرانی لە میرنشینەکەیان بێبەش کرد. کەچی میر نشینی سۆران لە هەوڵەکانی نەوەستا تا دەسەڵاتی سەپاند بە سەر ناوچەکانی خۆیان. لەنیوەی یەکەمی سەدەی (١٧) میرنشینی سۆران بووژایەوە و ڕۆڵێکی سیاسی و

سەربازی گرنگی لە ناوچەکەدا هەبوو، بەتایبەتی لە بەهانا هاتنی قەلاّی (دمدم) و هەولّەکانی گێرانەوەی بەغدا بۆ دەسەلاّتی عوسمانی، دوای ئەوەی سەفەوییەکان داگیریان کردبوو. هەرچەندە لەماوەی دواتر میرنشینی سۆران ماوەیەکی ناهەمواری بەخۆیەوە دیت، بەلاّم کاتێك لە سالّی ١٨١٣ محەممەد پاشا کە بە (پاشای گەورە) بەناوبانگە دەسەلاّتی گرتە دەست سەردەمێکی نوێ لە میرنشینی سۆران دەستی پێکرد. ئەو میرە هەولّیدا قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ دروست بکات لە رێگەی فراوانکردنی دەسەلاّتی میرنشینەکەی بۆ تەواوی سنووری پارێزگای هەولێری ئێستاو دەڤەرەکانی کوردە ئێزیدییەکان و بادینان و هەندێ ناوچەی رۆژهەلاّتی کوردستان.



**پاشای گەورەو تۆپەکەی وەستا رەجەب**

**زانیاری:**

کارەکانی پاشای گەورە:

١- بنیاتنانی قەڵا و قوللە و پرد.

٢- دامەزراندنی کارخانەی چەک(تۆپ) لە ڕەواندز.

٣- دابینکردنی ئاسایش.

٤- لێدانی دراو (سکە لێدان).

٥- گرنگیدان بە لایەنی ڕۆشەنبیری و دەرکەوتنی دەیان ناودار لە بواری ڕۆشنبیری لەوانەش (محمد کوڕی ئادەم).

بەڵام دەوڵەتی عوسمانی ئەم فراوانخوازییەی میری سۆرانی بە مەترسی دانا، بۆیە لەساڵی ١٨٣٦ دوای هێرشێکی بەرفراوان پاشای گەورەی بەدیل گرت و ساڵی ١٨٣٧ لە ناوی برد، دواتریش بەیەکجاری میرنشینەکەیان ڕووخاند.

## ٣- میرنشینی بابان:

میرنشینی بابان سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی (١٥)،بەڵام لەکۆتایی سەدەی (١٦)لەبارییەك هەڵوەشاوەتەوە تا (فەقێ ئەحمەدی دارە شمانە) لە ناوەڕاستی سەدەی (١٧) لە ناوچەی مەرگەوپشدەر میرنشینەکەی سەر لەنوێ بوژاندۆتەوە. دواتر میرەکانی بابان بە بەردەوامی بۆ ناوچەکانی دەوروبەر پەلیانهاویشتووە، بە تایبەتی لەسەردەمی (بابە سلێمان) کە ناوچەکانی شارەزوور و قەرەداغ و بازیان و ناوچەی تری دەست بەسەردا گرت و (قەڵاچوالان)ی کردە پایتەخت. ئەم

میرنشینە سەرەڕای ئەوەی تووشی چەندین گیروگرفت بۆوە بەهۆی کێشەو ململانێی ناوەخۆیی و دەستێوەردانی دەرەکی، بەڵام لە فراوانبوون و بەهێزبوون نەکەوت، ئەوەتا لە ساڵی ١٧٦٤ لە پاڵ ناوچەکانی(کۆیە و هەریر و پردێ و هەولێر و قەرەحەسەن و بەدرە و جەسان و میرنشینی ئەردەلانیشی)گرتەوە. ئیبراهیم پاشای بابانیش ناوچەی تری خستە سەر و دەستکەوتێکی گرنگی بەدەست هێنا کاتێ لە ساڵی ١٧٨٤ شاری (سلێمانی) بنیاد ناو کردی بە پایتەختی میرنشینەکەی.

## ڕاهێنان

ناوی پایتەختی ئەم میرنشینانەی لە خانە بەتاڵەکان بنووسە.

پایتەختی میرنشینی سۆران

پایتەختی میرنشینی بادینان

پایتەختی میرنشینی بابان

ئەم هێزو دەسەڵاتەی بابان وای کرد میرەکانی ڕۆڵێکی گرنگیان لە شەڕەکانی دەولەتی عوسمانی لەگەڵ ئێران و لە یارمەتی دانی والیەکانی بەغدا لە کاتی تەنگانەدا هەبێ. ئەو میرە کوردانە لە سەرەتاکانی سەدەی (١٩) ئەوەندە دەسەڵاتدار بوون تەنانەت دەستیان لە دانان و لابردنی والییەکانی بەغدا هەبوو. لەپاڵ ئەو هەڵوێستانەی کە هەیانبوو ئەگەر

بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ عوسمانییەکان ناکۆک بوونایە لە ڕوویان دەوەستان و ڕاپەرینیان بەرپادەکرد، زۆر لە میرەکانی بابان ئەم هەنگاوەیان ناوە، بەڵام لە هەموویان بەناوبانگتر لەم بارەوە (عەبدولرەحمان پاشا)یە کە چەندین هەوڵی لەم جۆرەی دا، بۆیە لە کۆتاییدا دەسەڵاتدارانی عوسمانی بڕیاریان دا میرنشینەکە لە ناوببەن و لەساڵی ١٨٥١ جێبەجێکرد.



**عەبدولرەحمان پاشا**

# ڕاهێنان

## ١- میرنشینی بادینان:

| | | |
|---|---|---|
| لە نیوەی دووەمی سەدەی .......... دامەزرا. | ناوچەی دەسەڵاتی دەکەوێتە دەڤەری ...... | پایتەختەکەی شاری .......... بوو. |

## ٢- میرنشینی سۆران:

| | | |
|---|---|---|
| لە نیوەی یەکەمی سەدەی .......... بووژایەوە. | لە ساڵی ١٨١٣ پاشای .......... دەسەڵاتی گرتەدەست. | ئەم پاشایە کارخانەی ........... دامەزراند. |

## ٣- میرنشینی بابان:

| | | |
|---|---|---|
| سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی........ | لە ساڵی ١٧٨٤ شاری .......... بنیادنرا. | بەناوبانگترین میرەکانی میر .......... بوو. |



**میر و مێژوونووس شەرەفخانی بەدلیسی**

## ب- سیاسەت و ڕەفتاری عوسمانییەکان لە کوردستاندا:

دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە سیاسەتیاندا بەرامبەر کوردستان هەموو کات بەپێی ڕێکەوتنامەکە ڕەفتاریان نەدەکرد، بەڵکو بەشێوازی جۆربەجۆر هەوڵیان دەدا سەربەخۆییە ناوەخۆییەکەی کورد کەم بکەنەوەو بەرژەوەندییەکانیان لە کوردستاندا دابین بکەن. لەم پێناوەدا دووبەرەکییان لە نێوان میرنشینەکان دەنایەوە و بەڵکو بنەماڵەی دەسەڵاتداری یەک میرنشینیان لەیەکتر هاندەدا بۆ لاوازکردنیان. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا سوودیان لە کورد دەبینی بۆ جەنگ و لەشکرکێشییەکانیان و سامانی کوردیان بەچەندەها شێواز بەتالان دەبرد.

لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمیش هەموو میرنشینە کوردیەکانیان هەڵوەشاندەوە،لەو کاتەوە عوسمانیەکانیان خۆیان کوردستانیان بەڕێوە دەبرد،ئیتر لەکۆکردنەوەی باج و سەربازگرتن بەولاوە هیچ کارێکی تریان لە کوردستاندا جێبەجێ نەدەکرد، بۆیە هەموو لایەنەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیری و تەندروستی لە کوردستاندا وەکو هەرێمەکانی تری سەربە دەولەتی عوسمانی هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەدیت.

## ڕاهێنان

عوسمانییەکان هەموو لایەنەکانی ژیانیان لە کوردستان پشت گوێ خستبوو لەوانەش:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ژیانی ئابووری | و | و | و |

### ج - هەڵوێستی کورد:

لە بەرامبەر ستەم و زۆرداری عوسمانییەکان و دەسەڵاتدارانی ئێران، میرو سەرکردە کوردەکان لەگەڵ ڕۆڵەکانی کورد چەندین ڕاپەڕین و شۆڕشیان بەرپاکرد لە ناوچەکانی کوردستان، وەك ڕاپەڕینی برادۆست بە سەرۆکایەتی خانی لەپ زێڕین لە قەڵای (دمدم) کەدەکەوێتە ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ، هەروەها ڕاپەڕینی میرەکانی بابان بە تایبەتی سەلیم پاشا و عەبدولرەحمان پاشا، ئینجا ڕاپەڕینی پاشای گەورەی میری سۆران و ڕاپەڕینی بەدرخان پاشای بۆتان و ڕاپەرینەکەی یەزدانشێر و چەندانی تر.



**هێلکاریی قەڵای دمدم**

بەڵام لە هەموو ئەمانە گرنگتر شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بوو لە هەرێمی هەکاری لە باکووری کوردستان، کە لە ساڵی (١٨٨٠ز) دژی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران شۆڕشی بەرپاکرد و داوای سەربەخۆیی هەموو کوردستان و پێکهێنانی دەولەتێکی کوردی دەکردو توانی ناوچەیەکی فراوان لە نێوان هەردوو دەریاچەی وانو ورمێ ڕزگار بکات.

بەڵام هەموو ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانە لە بەرامبەر زەبروزەنگی داگیرکەران و پیلانی وڵاتە زلهێزەکان سەرکوت کران، بەڵام کورد هەر بێ ئومێد نەبوو.

## چالاکی:

**مامۆستای بەڕێز:**

لەبارەی داستانی قەڵای (دمدم) داوابکە گروپێك پەخشێکی سەر دیوار ئامادەبکەن.

## گەشەکردنی هوشیاری سیاسی کورد :

لە کۆتایی سەدەی (١٩) و سەرەتای سەدەی (٢٠) هۆشیاری سیاسی و ڕۆشنبیری لای کورد پەرەی سەند، بەتایبەتی لەنێو توێژی خوێندەوارو ڕۆشنبیرانی کورد کە لە ئەستەمبۆل و شارە گەورەکاندا دادەنیشتن. لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٨٩٨ز یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی (کوردستان) لە قاهیرە دەرکرا، لەلایەن میقداد مدحەت بەدرخان. هەروەها دەستیانکرد بە پێکهێنانی کۆمەڵەو ڕێکخراو، لە ساڵی ١٩٠٠ز یەکەمین کۆمەڵەی کوردی بەناوی کۆمەڵەی (عەزمی قەوی کورد) دامەزرا. ئەوەبوو دوای ساڵی ١٩٠٨ کە جۆرە ئازادییەك لە دەوڵەتی عوسمانیدا پەیدابوو کۆمەڵەی تر پێکهێنران، وەك (تەعاون و تەرەقی کورد) و کۆمەڵەی (هێڤی)، لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیش پێش جەنگی جیهانی یەکەم هەردوو کۆمەڵەی (جیهاندن)و کۆمەڵەی (ئیستخلاصی کوردستان) دروست بوون، هەندێك لەم کۆمەڵەو ڕێکخراوانە ڕۆژنامە یان گۆڤاریان دەردەکرد و ڕۆڵی خۆیان دەبینی لە هۆشیارکردنەوەی نەتەوەی کورد.


ژوبیر ١ — سالا ئوڵی — عدد ١

کردستان

١٣١٥

بسم الله الرحمن الرحیم

( ومن الله التوفیق )

وێنەیەکی ڕۆژنامەی کوردستان

## چالاکی:

خانە بەتاڵەکان بە ناوی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی کۆن و ئێستا پڕبکەوە:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |



**بنەماڵەی بەدرخان**

## بەشی سێیەم:

# عێراق لە سەردەمی عوسمانیدا

### أ- داگیرکردنی عێراق لەلایەن عوسمانییەکانەوە:

لە بابەتەکانی پێشوودا باسمانکردووە کە باشووری کوردستان بە شاری مووسڵیشەوە لە ساڵانی ١٥١٤ - ١٥١٦ز کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانییەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لەو ماوەیەدا باکووری عێراق کەوتە ژێر ڕکێفی عوسمانییەکان، چونکە ئەو ناوچانە کە ئەو کاتە بەشێک بوون لە کوردستانی گەورە ئێستا هەرێمی کوردستانی عێراقە (باشووری کوردستان). کەچی ناوچەکانی دیکەی عێراق نزیکەی (٢٠)ساڵی تر لە ژێر داگیرکاری سەفەوییەکاندا مانەوە، تا لە ساڵی ١٥٣٤ز سوڵتان سلێمانی قانونی لە کاتی هێرشە گەورەکەی بۆ سەر دەوڵەتی سەفەوی شاڵاوی بۆ بەغدا هێنا و لە ئەنجامدا شارەکە لە کۆتایی ساڵی ١٥٣٤ لە لایەن عوسمانییەکان داگیرکرا.

دەسەڵاتی عوسمانی فراوان بوو تا گەیشتە شاری (بەسڕە) لەسەر کەنداو، ئەمەش کاتێ فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە لایەنگری خۆی بۆ سوڵتان دەربڕی لە ساڵی ١٥٤٦ز.

## ب- بارودۆخی عێراق لە سەردەمی عوسمانی:

دوای داگیرکردنی عێراق عوسمانییەکان ئەم وڵاتەیان دابەشکرد بۆ چەند یەکەیەکی کارگێری گەورە کە پێی دەگوترا (ویلایەت)، ئەمانەش بریتی بوون لە ویلایەتەکانی (بەغدا و بەسرە و موسڵ) لەگەڵ (شارەزوور) کە ویلایەتێکی تەواو کوردی بوو، وەک مەڵبەندەکەشی شاری (کەرکووک) بوو.




**نەخشەی ویلایەتی موسڵ لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی**

### ڕەفتاری والییە عوسمانییەکان لە عێراق

هەر ویلایەتێک (والییەک) بەڕێوەی دەبرد بەیارمەتی چەند یاریدەدەرو فەرمانبەرێک، کە ئەرکە سەرەکییەکانیان تەنیا بریتی بوو لە پاراستنی دەسەڵاتی عوسمانی و سەپاندنی یاسا و دابینکردنی ئاسایش و کۆکردنەوەی باج و خەراج لە دانیشتوانی ویلایەتەکە، بێ ئەوەی هیچ بایەخێک بە ئاوەدانی ناوچەکە و باشکردنی گوزەرانی خەڵک و چاکردنی باری تەندروستییان بدەن.

بێگومان لایەنی زانستی و ڕۆشنبیریش تەواو فەرامۆش کرابوو، بۆیە ژمارەیەکی یەکجار زۆر والی هاتنە سەر دەسەڵات لەم ویلایەتانە بێ ئەوەی هیچیان کارێکی دیارو چاك لە دوای خۆیان بەجێ بهێڵن، بەتایبەتی لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە، تەنانەت هەندێك والی بەکاروکردەوە گەندەڵ و خراپەکانیان بارودۆخەکەیان بەرەو خراپتر دەبرد، لە ئەنجامدا بارودۆخێکی سیاسی ناجێگیر و هەراو ئاژاوەی هۆزەکان باڵی کێشابوو بەسەر وڵاتەکەدا، دانیشتوانیش کە لە بارودۆخێکی دواکەوتوو دا دەژیان هیچ ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیان و چاکردنی ژیانیان دانەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت کە هەندێ جار بە هۆی ناهەمواری ژیان و زیاد بوونی جەوروستەم چەکیان لە ڕووی دەسەڵاتداران بەرز دەکردەوە، ئەمەش لە ڕاستیدا نەهامەتی تری بەدوای خۆیدا دەهێناو سەرکوت دەکرانەوە. بەڵام هەندێك والی شوێن پەنجەیان دیار بوو لە وڵاتەکەدا، وەك(داود پاشا)ی والی بەغدا کە هەندێ چاکسازی گرنگی ئەنجامدا، وەك دامەزراندنی هەندێ پیشەسازی و کارخانە و هێنانی چاپخانە و ترومپای ئاوی و پەرەپێدانی بازرگانی. لە دوای داود پاشا چەند والییەکی عوسمانی لە بەغدا حوکمیان کرد، بەڵام هیچیان نەیانتوانی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە بارودۆخی ویلایەتەکەدا بکەن و پەرەی پێ بدەن، (مەدحەت پاشا) نەبێت کە هەوڵی چاکسازی ئەنجامداوە.

**زانیاریی :**

گرنگترین کردارەکانی مەدحەت پاشا لە عێراقدا:

١– دەرکردنی یاسای (تاپۆ).. هاندانی کۆچەرەکان بۆ نیشتەجێ بوون.

٢– چەسپاندنی ئاسایشی ناوەخۆ.

٣– هێنانی (کەشتی هەڵمی) و (ترامۆای) و (هێڵی بروسکە).

٤– دامەزراندنی چاپخانەو دەرهێنانی ڕۆژنامەی (الزوراء) لە ساڵی ١٨٦٩.

٥– بنیاتنانی هەردوو شاری (ناسریە) و (ڕەمادی).

بە گشتی لە ئەنجامی ئەو چاکسازییانە دیاردەکانی ژیانی هاوچەرخ لە عێراقدا بەرەبەرە پەیدا بوون و پەرەیان سەند، ئەوەتا زیادبوونی ژمارەی قوتابخانەکان بووە هۆی زیادبوونی توێژی ڕۆشنبیران.

<table>
<tr><td colspan="2">چالاکی:<br>هەندێك والی جێ پەنجەیان لە حوکمڕانی دیاربوو، لەوانە:</td><td rowspan="2">قوتابی ئازیز:<br>بۆچی دەبێت حاکم یان دەسەڵاتدار خزمەت بکات؟</td></tr>
<tr><td>١–</td><td>٢–</td></tr>
</table>

## بەشی چوارەم:

# پەیدابوونی عێراقی هاوچەرخ

### أ- داگیرکاری بەریتانی لە عێراق:

بەریتانیەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە بەرژەوەندی ئیستعمارییانەیان لە عێراقدا هەبوو، بۆیە دەمێک بوو چاویان بڕیبووە ئەم وڵاتە، کە تا ئەوکاتە لە چوارچێوەی دەسەلاتی عوسمانیدابوو. کاتێکیش جەنگی جیهانی یەکەم لەساڵی ١٩١٤ بەرپابوو، کە دەوڵەتی عوسمانی چووە بەرەی وڵاتانی (ناوەڕاست) لەدژی بەریتانیاو (هاوپەیمانەکان)ی، ئەمە هەلێکی باشی بۆ بەریتانیا ڕەخساند تا هیواو ئامانجەکانی لەو ناوچەیە بێنیتەدی، بۆیە دەست بەجێ لەشکریان لەخوارووی عێراقدا دابەزاندو هێرشیان دەست پێکرد، زۆری پێنەچوو شاری (بەسرە)یان داگیرکردو بەرەو ناوەڕاست و باکوور چوون.

### کورد بەرگری دەکەن:

لێرەدا عوسمانییەکان بانگەوازی (غەزا)یان ڕاگەیاندوو هێزێکی کورد بە سەرۆکایەتی (شێخ مەحموودی حەفید) لەگەڵ هۆزە عەرەبەکان لەشەڕی (شوعیبە) بەشدارییان کرد، بەلام ئەم هەولانە هێزەکانی ئینگلیزیان ڕانەگرت و لەساڵی (١٩١٧ز) بەغدایان داگیرکرد. کە جەنگ لەساڵی (١٩١٨ز) ڕاوەستا ئینگلیزەکان لە شاری موسڵ نزیک ببونەوە، دواتر فشاریان خستە سەر عوسمانییەکان و ئەم شارەو ناوچەکانی دەوروبەریشیان پێ جیهێشتن و هێزەکانی بەریتانی داگیریان کرد.

## چالاکی:

**قوتابی ئازیز:** گەلی کورد باوەڕی بە پەیوەندی دۆستانە هەیە، لەگەڵ عەرەبو تورکمانو کلد و ئاشوورییەکان.

**پرسیار:** بۆچی دەبێت گەلانی عێراق دۆستو تەبا بن؟




« نەخشەی داگیرکردنی عێراق و کوردستان لەلایەن بەریتانیەکان »

### هەڵوێستی کورد:

هێزەکانی بەریتانی کاتێ گەیشتنە کەرکووک، سەرانی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود بڕیاریاندا پەیوەندییان پێوە بکەن، ئەمەش لە پێناو تۆڵەسەندنەوە لە عوسمانییەکان و ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی داگیرکارییان و بەدەست هێنانی مافەکانی کورد، لە ئەنجامدا شێخ مەحمود بوو بە (حوکمدار)ی کوردستان و بەرپرسانی ئینگلیز دانیان پێدانا، بەم جۆرە بەریتانیا دەسەڵاتی خۆی بەسەر عێراقدا سەپاند بەڵام کوردستان بارودۆخێکی جیاوازو تایبەتی هەبوو.

### ب - شۆڕشی ١٩٢٠:

### هۆکارەکانی شۆڕش:

١- پاشگەزبوونەوەی بەریتانیا لەو بەڵێنانە کە دابوویان بە عێراقیەکان لەسەر زمانی (ژەنەراڵ مود)، گوایە هاتوون بۆ (ڕزگاری گەلانی عێراق).

٢- سەپاندنی باج و سەرانەی زۆر بەسەر هاووڵاتیان.

٣- هەڵسوکەوتی خراپیان بەرامبەر دانیشتوان و زیندانیکردنی نیشتمانپەروەران.

٤- بەڵێنیان دابوو بە دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ عەرەب، کەچی ئەو بەڵێنەیان نەگەیاندە جێ.

٥- جیاوازی ئاینی، هۆکارێکی گرنگ بوو.

٦- گرتنی سەرۆک عەشیرەتی (الظوالم) (شێخ شەعلان) لەلایەن ئینگلیزەوە.

## سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشەکە:

لە (٣٠حوزەیران ساڵی ١٩٢٠)، ئەفسەرێکی بەریتانی لە ناوچەی (الرمیثة)، (شێخ شەعلان ئەبولجۆن)ی گرت، کە سەرۆکی عەشیرەتی (الظوالم) بوو، چونکە باجی زەوی نەدەدایە دەسەلاّتدارانی ئینگلیز لە عێراق دا. لەدوای ئەم ڕووداوە هەر لە هەمان ڕۆژدا چەند دەستەیەکی چەکداری ئەم عەشیرەتە هێرشیان کردە سەر بنکەی ئینگلیزەکانو لە (الرمیثة) شێخ شەعلانیان ڕزگارکرد، ئەم ڕووداوە بوو بە هۆی سەرەتای هەڵگیرسانی شۆرشی بیست و بە هۆکاری ڕاستەوخۆی شۆڕشەکەش دادەنرێت.

**پرسیار**

(١) بۆچی سەپاندنی باجی زۆر بوەتە مایەی ناڕەزایی عێراقییەکان؟

(٢) هۆی ڕاستەوخۆی شۆڕشی ١٩٢٠ چی بوو؟

## ڕووداوەکانی شۆڕش:

(١) گەمارۆدانی شاری (سەماوە) لە لایەن چەکداری عەشیرەتەکان.

(٢) جەنگاوەران لە باشووری عێراقدا دەستیان کرد بە بڕینو تێکدانی هێڵی ئاسنی نێوان (الرمیثة ـ دیوانیە)و نێوان(الرمیثة ـ سەماوە).

(٣) ڕێگاکانی هاتووچۆی سوپای بەریتانیایان تێکدا.

## زانیاری پێویست:

شێخ و سەرۆک و هۆزەکانی خوارووی عێراق لە نێوان خۆیاندا هاوڕا نەبوون، هەندێکیان پێیان وابوو پێویستە کە کێشەکە بەهێمنی چارەسەر بکرێت.

## چالاکی

((ئایا بەرگرییکردن هەردەم دەبێ بە شەڕ بێت)) ؟

بۆچی دانوستان پێویستە؟ مامۆستای بەڕێز ئەمە بکە بەتەوەری گفتوگۆ لە نێوان قوتابیان.

## ڕاپەرینەکانی ساڵانی (١٩١٩ - ١٩٢٠)ی باشووری کوردستان:

گەلی کورد لە کوردستاندا هیچ کات سەری بۆ داگیرکەر شۆڕنەکردووە و هەر کاتێک هەستی بە چەوساندنەوەو زۆرداری کردبێت لەڕووی دوژمنانی ڕاپەڕیوەو خەباتی کردووە ئەوەبوو لە ساڵانی ١٩١٩ - ١٩٢٠ دا چەندین ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتی بەریتانی لە باشووری کوردستان بەرپابوون، لەبەرئەوەی بەریتانیەکان نکۆلیان لە مافەکانی کورد کرد و سیاسەتێکی چەوتیان بەرامبەر کورد پیادەکرد.

## چالاکی

بۆچی کورد بەداگیرکار ڕازی نییە؟

**قوتابی خۆشەویست:** بۆ وانەی داهاتوو کورتە ڕاپۆرتێک بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئامادە بکە.

پێویستە ئەو ڕاستیە بگوترێ کەوا پێش ئەوەی شۆڕشی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ هەڵبگیرسێ، ڕاپەڕین لە نیسانی ساڵی ١٩١٩ لە کوردستان هەڵگیرسا و زۆربەی ناوچەکانی باشوری کوردستان لە (هەولێر و کەرکوک و سلێمانی و زاخۆ و سۆران و بارزان و کۆیە و ئامێدی و ئاکرێ و تەلەعفەر و گەرمە سێر و گەرمیان وەکو خانەقین و مەندەلی و قزلرەبات) گرتەوە.

ئیبراهیم خانی دەلۆ و وەیسی بەگ کە دوو سەرکردەی کورد بوون لە ٢٤ ئابی ١٩٢٠ توانیان شاری (کفری) ڕزگار بکەن و بەشێکی لەشکری ئینگلیز بەدیل بگرن، پاشان شاری (دوز)یش ئازاد کرا.



**ئیبراهیم خانی دەلۆ**

## هۆکارەکانی شکستی شۆڕشی ١٩٢٠:

١- شۆڕشەکە زیاتر ڕەمەکی بوو واتە ڕێکخستنی تێدا نەبوو.

٢- تەواوی گەلی عێراق بەشداری تێدا نەکرد، هەندێکیان بە پێچەوانەوە هاوکاری داگیرکەریان دەکرد.

٣- ژمارەی شۆڕشگێڕان لەچاو لەشکری ئینگلیز کەم بوو، چەک و کەرەستەی جەنگی شۆڕشگیران بە بەراورد لەگەڵ ئینگلیزەکان زۆر کەم و سادە بوو.

٤- شۆڕشەکە سەرکردایەتیەکی یەکگرتووی نەبوو، زیاتر هەر ناوچەیەک بۆ خۆی کاری لە دژی ئینگلیزەکان دەکرد.

٥- هۆکارەکانی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاواز بوو.

## ج - دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق:

لە ئەنجامی ئەو زیانە گەورەی کە بەریتانیا لە شۆڕشی بیست و ڕووداوەکانی تر لە عێراقدا لێی کەوت، بەرپرسانی ئینگلیز بڕیاریان دا لە ڕێگەی دانیشوانی عێراقەوە حزکمی وولاتەکە بکەن، بۆ ئەو مەبەستە (عبدالرحمن النقیب گەیلانی) یان دانا کە لە پیاو ماقوڵانی بەغدا بوو، تا ببێتە سەرۆکی حکومەتێکی کاتی، تا ئەو کاتەی ڕژێمێکی هەمیشەیی لە عێراقدا دادەمەزرێن، ئەم ڕژێمەش دواتر لە کۆنگرەی قاهیرە بڕیاری لەسەر درا، کاتێ (فەیسەڵی کوڕی حوسێن)یان پاڵاوت بۆ ئەوەی ببێتە شای ئەم وڵاتە، بە مەرجێک لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیا بێت، چونکە بە بڕیاری کۆنگرەی (سان ریمۆ)ی ساڵی ١٩٢٠ عێراق خرابووە ژێر سەرپەرشتی (ئینتیداب)ی بەریتانیا، بۆ ئەم مەبەستە ڕاپرسییەکی ڕووکەشیان ئەنجامدا، دەرچوو عێراقیەکان پەسەندی دەکەن.

بەڵام لە کوردستان وا نەبوو، چونکە لیوای کەرکوک پێی ڕازی نەبوو و لیوای (سلێمانی)ش لە بنەڕەتدا بەشداری نەکرد، هەردوو لیوای هەولێر و موسڵ یش بەچەند مەرجێک بەشدارییان کرد، مەرجەکانیش خۆی (لەدەست بەرکردن و پاراستنی مافەکانی کورد دەنواند). سەرەڕای ئەمانەش لە (٢٣)ی ئابی ١٩٢١ ئاهەنگی تاج لەسەرنانی فەیسەڵ بەڕێوەچوو و بەم پێیە عێراق بوو بە دەوڵەت و بنەماڵەی پاشایەتی تێدا دامەزرا.



**مەلیك فەیسەڵی یەکەم**

# بەشی پێنجەم:

## سەرەتای کێشەی کورد لە عێراقدا

### أ- شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید:

دوای ئەوەی شێخ مەحمود بەدان پێدانانی ئینگلیز بوو بە حوکمداری کوردستان، زۆری پێنەچوو پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەریتانی تێکچوو، لە ئەنجامی پاشگەزبوونەوەیان لە بەڵێن و گفتەکانی پێشوویان سەبارەت بە مافی کورد، بەڵکو دەیانویست دەسەڵاتی شێخ کەم بکەنەوە. بۆیە لەساڵی ١٩١٩ شێخ مەحمود شۆڕشی ڕاگەیاندو شاری سلێمانی کەوتە ژێر دەسەڵاتی و ئاڵای حکومەتەکەی هەڵکرد. شۆڕشەکە لە پەرەسەندن دابوو، بەتایبەتی کە بەرپەرچی هێرشێکی بەریتانیان دایەوە، بەڵام هێرشی دووەم بووە هۆی نسکۆی شۆرشگێران و بەدیل گرتنی شێخ مەحمود لە پاڵ(بەردە قارەمان) کاتێ لە(دەربەندی بازیان) شەڕ لە نێوانیان ڕوویدا.



شێخ مەحمودی حەفید

## ناچاربوونی ئینگلیز بۆ گەڕاندنەوەی شێخ مەحمود:

ئینگلیزەکان هەرچەندە شێخ مەحمودیان دورخستەوە بۆ هیندستان، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٢ ناچار بوون بیگەڕێننەوە کوردستان، چونکە بارودۆخی ئەم ناوچەیە بە تەواوی شڵەژابوو، وە کاروبارییان لە دەست دەرچوو بوو. شێخ ئەمجارە حکومەتێکی کوردی ناوچەیی (وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا)ی دامەزراند. کە لە گرنگترین کارەکانی: بە ڕەسمیکردنی زمانی کوردی، بەرزکردنەوەی ئالاو، دامەزراندنی وەزارەتەکان و دامودەزگای حکومەت و، لەشکرو پوول و ڕۆژنامە و کۆمەڵەی تایبەت بەخۆی هەبوو.



**بۆردومانی شاری سلێمانی ساڵی (١٩٢٣)**

## پرسیار

حکومەتی شێخ مەحمود ئەم کارانەی ئەنجامدا:

١-

٢-

٣-

بەڵام دووبارە بارگرژیی لەنێوان شێخ و بەریتانیا سەری هەڵدایەوە، لەبەرئەوەی شێخ مەحمود خۆی کرد بە پاشای کوردستان و هەوڵی دەدا دەسەڵاتی حکومەتەکەی هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان بگرێتەوە، بێگومان ئەمە هیواو ئاواتی کوردبوو بەڵام بەریتانیا پێی رازی نەبوو. لە ئەنجامدا فرۆکەکانی بەریتانیا شاری (سلێمانی)یان لە ساڵی ١٩٢٣ بۆردومانکرد. دواتریش بە هاوبەشی لەگەڵ لەشکری عێراق هێرشیان دەست پێکردو توانیان شارەکە داگیربکەنەوە. دوای ڕاپەرینەکەی (بەردەکی سەرا)ش لەساڵی (١٩٣٠) جارێکی تر شێخ مەحمود بە ڕووی حکومەتی عێراق وئینگلیزەکان ڕاپەری هەرچەندە هێزەکانی کورد بەسەرکردایەتی شێخ لە شەڕی (ئاوباریک) سەرەتاو بۆ ماوەیەک خۆراگربوون بەڵام دواتر لە ئەنجامی چەندین هۆکار لەوانە ناهاوتایی هێزی نێوان هەردوولا، هێزەکانی شێخ مەحمود رووبەڕوی شکست بووەوە.

## ب- کێشەی ویلایەتی موسڵ:

لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستان ویلایەتێکیان لێ پێکهێنرابوو، کە مەڵبەندەکەی شاری موسڵ بوو، بۆیە پێی دەگوترا(ویلایەتی موسڵ)، کەواتە ئەم ویلایەتە بەشی هەرە زۆری (هەرێمی کوردستانی عێراقی) ئێستای دەگرتەوە.

لەبەرئەوەی بەشی زۆری ئەم ویلایەتە لەلایەن بەریتانیا بەشەڕ داگیر نەکرابوو، بەڵکو دوای وەستانی جەنگی جیهانی لە عوسمانییەکانی سەند (بەتایبەتیش شاری مووسڵی مەڵبەندی ویلایەتەکە)، بۆیە حکومەتی تورکیا کە لە شوێنی دەوڵەتی عوسمانی دامەزرابوو داوای دەکردەوە، کەچی بەریتانیاو عێراق بە بەشێکی دەوڵەتی عێراقیان دانابوو، بەم جۆرە کێشەیەک لەسەر ئەم ویلایەتە دروست بوو لەنێوان دوو دەوڵەت، کە هیچیان خاوەنی نەبوون، چونکە زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کورد بوون کە هیچ بایەخێک بە ویست و ئارەزوویان نەدرابوو لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا، دوای ئەوەی ئەم کێشەیە لە نێوان هەردوولادا چەن ساڵێک بەردەوام بوو، خرایە بەردەم (کۆمەڵەی نەتەوەکان) کە ڕێکخراوێکی جیهانی بوو، ئەویش لە ساڵی ١٩٢٥ بڕیاریدا ناوچەکە بخرێتە سەر عێراق و لەژێر (ئینتیدابی) سەرپەرشتی کردنی بەریتانیا بمێنێتەوە، بە مەرجێک دانیشتوانەکەی(کە بەزۆری کوردن) لە کاروباری کارگێڕی و دادوەری و خوێندندا فەرامۆش نەکرێن و مافیان پارێزراوبێت و زمانی کوردی لە ناوچەکەدا بەکاربهێنرێت، لە ئەنجامدا ئەم سنوورەی ئێستا لە نێوان عێراق و تورکیا داندرا. بەم جۆرە مافە نەتەوایەتیەکانی کورد پێشێل کراو هەموو ئەو بەڵێنانەی کە بەریتانیا بەکوردی دابوو لێ ی پاشگەزبوەوە.

## ڕاهێنان

ویلایەتی (مووسڵ) ئەم پارێزگایانەی ئێستای گرتبووە خۆی:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

## ج - پەیمانی نێوان عێراق و بەریتانیا ساڵی ١٩٣٠:

### هۆکارەکانی ئەم پەیمانە:

١- دەوڵەتی عێراق کە لە ساڵی ١٩٢١دا، دامەزرا ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر (ئینتیداب)[١] ڕژێمی سەرپەرشتی کردنی بەریتانیاوە، بەمەش تا ڕادەیەکی زۆر سەروەری خۆی لەدەست دابوو، بۆیە دەنگی ناڕەزایی لە نێوان خەڵک دا لە پەرەسەندن بوو.

٢- کاربەدەستانی عێراق کە لە نێوان (١٩٢١ - ١٩٣٠) شارەزاییان لە کاروباری دەوڵەت و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پەیداکرد، هەستیان دەکرد چیدی پێویستیان بە ئینگلیز نەماوە.

٣- بەریتانیا کە کەوتبووە ژێر فشاری خەڵکی عێراق و حکومەتی عێراقەوە، هەستی دەکرد کە کاتی ئەوە هاتووە (پەیمانێک)ی نوێ ببەستری.

**پەیمانی نێوان (عێراق - بەریتانیا) لە ساڵی ١٩٣٠ لە لایەن نووری سەعیدو همفریز مۆر کرا.**

---

[١] (ئینتیداب) ڕژێمی سەرپەرشتی کردن: بەپێ ی ڕژێمی سەرپەرشتی کردن ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمان (بەریتانیا و فەرەنسا) سەرپەرشتی دەکرێن.

### ناوەڕۆکی پەیماننامە:

١- بەهێزکردنی ئاشتی و دۆستایەتی و هاوپەیمانیەتی لە نێوان عێراق و بەریتانیا.

٢- هاوکاریکردنی یەکتر لەکاتی شەڕدا.

٣- عێراق تەواوی ڕێگاکانی زەمینی، دەریایی، هێڵی ئاسنین و ئاسمانی دەخاتە خزمەت هێزەکانی بەریتانیا ئەگەر پێویستی پێ هەبوو.

٤- دوو بنکەی سەربازی بەریتانی لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەمێنێتەوە.

٥- ئەم پەیمانە بۆ ماوەی (٢٥)ساڵە.

## کاردانەوەی پەیماننامەی ١٩٣٠ لە کوردستاندا:

لەبڕیاری (کۆمەڵەی گەلان)ی تایبەت بەکێشەی موسڵ باسی هەندێ لە مافەکانی کورد کرابوو وەک پێشتر باسمان کرد کەچی لە پەیمانی (١٩٣٠)ی نێوان عێراق و بەریتانیا بەهیچ شێوەیەک باس لەو مافانەی کورد نەکرابوو تەنانەت یەک ماددەو یەک برگەش بە بچووکترین شێوە باسی لە کورد نەدەکرد، بۆیە ئەم پەیمانە لەناو کوردستاندا کاردانەوەی باشی نەبوو. خەڵکی کورد بەگشتی لە شارەکانی کەرکوک، سلێمانی، هەولێرو ناوچەی بادینان دژی ئەم پەیمانە بوون و تەنانەت لە سلێمانی خۆپیشاندان کراو خەڵکێکی زۆر شەهیدبوون.

## د - ڕاپەرینی بەردەرکی سەرا لە ساڵی ١٩٣٠:

### بەکورتی هۆکارەکانی ڕاپەرینەکە لەم خاڵانە کورت دەبێتەوە:

١- پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ نێوان عێراق و بەریتانیا هەموو داخوازیەکانی گەلی کوردی پشت گوێ خستبوو.

٢- ڕوناکبیران و نیشتمانپەروەرانی کورد لە سەرجەم شارەکانی کوردستان بەم پشت گوێ خستنە ناڕازی بوون.

٣- نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق لەم بارەوە داخوازیان هەبوو کەچی داخوازیەکانیان پشت گوێ خرا.

### هەڵوێستی کورد:

ڕوناکبیرو نیشتمانپەروەرو کورد بەتایبەتی لە شاری (سلێمانی) ڕازی نەبوون بەشداری لەو (هەڵبژاردن)ە بکەن، کە حکومەتی عێراق نیازی بوو لە (١٠)ی ئەیلوولی ١٩٣٠ ئەجامی بدات.

حکومەتی عێراقیش لەو سەردەمە سوور دەبێت لەسەر پشت گوێ خستنی داواکارییەکانی کورد بۆیە بە پێی (پەیمانی ١٩٣٠)، لێژنەیەکی هاوبەشی نێوان(عێراق - بەریتانیا) سەردانی شارەکانی کوردستانیان کرد.

## چالاكی

**قوتابی ئازیز:** رۆشنبیرانی كورد، هەوڵیاندا هێمنانە هەڵوێست بنوێنن:

پرسیار: بۆ؟

**مامۆستای بەڕێز:** لە بارەی خەباتی سیاسی گفتوگۆ ساز بدە.

### كارەساتی ٦ی ئەیلول ١٩٣٠:

حكومەتـی عێـراق سـووربوو لەسـەر ئـەوەی هەڵبـژاردن لـە شـاری سـلێمانی ئەنجـام بـدات، لـە (٥)ی ئەیلـول دەسـتەی پشـكنین بـۆ هەڵبژاردنەكـە كـە خەریكـی ئامـادەكاری بـوون، تـا ئـەو كاتـە خەڵكـی بەگشـتی بڕیاریـان دابـوو بەشـداری هەڵبـژاردن نەكـەن.

ڕۆژی (٦)ی ئەیلـول سـاڵی ١٩٣٠ بەرەبـەرە خەڵـك لەنـاو شـار كۆدەبونـەوە، سـەرەتا فائیق بێكەسـی شـاعیرو ژمارەیـەك لـە هاوڵاتیـان دواتر تـا ددەهـات ژمـارەی بەشداربووان زیـادی دەكرد، ئـەو جەمـاوەرە بـەرەو (بەردەركـی سـەرا) كەوتنـەڕێ دژی هەڵبـژاردن بانگەوازیـان بـڵاو دەكـردەوە بـە مەبەسـتی خۆپیشـاندان، بـۆ ئـەوەی ڕێگـە لـەو كەسـانە بگـرن كـە(٣٠) كەسـێك دەبـوون بانـگ كرابوونـە (سـەرا) بـۆ ئـەوەی دەنـگ بـە هەڵبـژاردن بـدەن، كـە خۆپیشـاندەران گەیشـتنە (بەردەركـی سـەرا)، پۆلیـس لەترسـی تورەیـی خەڵـك و لەدەسـت دەرچوونـی  بارودۆخەكـە ژمارەیەكـی زۆری سـەربازیان بانگهێشـت كـردو كەوتنـە دەسـت ڕێـژی گوللـە لـە جەمـاوەر.

**بەڵـێن قوتابـی بەڕێـز:** ئـەو ڕۆژە ڕەشـە ژمارەیـەک لـە خۆپیشـاندەران شـەهیدکران، ڕەشبگیریی لـە شـار دەستی پێکرد.. بـەڵام ئـەو کارەسـاتە ڕاسـتیەکی سـەلماند.

## چالاکی

**مامۆسـتای بەڕێـز:** داوا لـە قوتابیـان بکـە، بەرامبـەر کارەسـات، خۆڕاگری میللـەت گفتوگۆ ئەنجام بدەن. خۆڕاگری بۆ ئێستا چی دەگەیەنێت؟

| چالاکی | بەرامبەر مانگ و ساڵەکانی خوارەوە ڕووداوی گرنگ هەیە/ بیاننووسە: |
|---|---|
| ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ | |
| ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ | |
| ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ | |
| ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ | |

## هـ - شۆڕشی یەکەمی بارزان ١٩٣١ - ١٩٣٢:



وێنەی شێخ ئەحمەدی بارزانی

ناوچەی بارزان بە سەربەخۆیی کاروباری خۆیان بەڕێوەدەبرد تەنانەت دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیش، بۆیە کاتێک حکومەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٣١ بڕیاری دا بارەگاکانی پۆلیس لەو ناوچەیە دامەزرێنێ، دانیشتووانی ناوچەکە بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی بارزان، لە ڕووی ئەم کارە وەستان وئامادە نەبوون ملکەچ بکەن. لە ئەنجامی شۆڕشێکی چەکداری ناوچەی بارزانی گرتەوە،

سەرەتا حکومەت کەوتە هەڵبەستنی پرۆپاگندەی جۆر بەجۆر لە دژیان بۆ هاندانی هۆزە کوردییەکانی دەوروبەر لێیان. دواتریش هێزەکانی عێراق بە یارمەتی فرۆکەکانی بەریتانیا دەستیان بە هێرش بردن کردو ناوچەکەیان زۆر بەتوندی بۆردومان کرد. شێخ ئەحمەدو شۆڕشگێران هەرچەندە چەندین نەبەردی دلێرانەیان ئەنجام داو زیانی گەورەیان لەهێرش بەران دا، بەڵام دواتر نەیانتوانی لە بەرگری بەردەوام بن و ساڵی ١٩٣٢ شۆڕشەکە لەلایەن حکومەتی عێراق بە یارمەتی هێزی ئاسمانی بەریتانی لەنێو بردرا.

وێرای ئەوەی ساڵی ١٩٣٥ خەلیل خۆشەوی جارێکی تر لە ناوچەی بارزان ڕاپەری بەڵام ئەم ڕاپەرینەش زوو دامرکێنرایەوە.

## و - شۆڕش له بەشەکانی تری کوردستاندا:

هەر لەماوەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و لە ئەنجامی هۆشیاربوونەوەی کوردو سیاسەتی چەوسێنەرانەی داگیرکەران، لە بەشەکانی تری کوردستانیش خەباتی سیاسی و چەکداری لە گۆڕێ دابوو. چەندین کۆمەڵەو پارتی کوردی پێکهێنران بۆ ڕێبەرایەتی کردنی خەباتی کورد، وەک کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان) و کۆمەڵەی (سەربەخۆیی کورد)و پارتی (خۆییبوون) لە باکوری کوردستان، کە هەوڵیان دەدا بەهۆی دەرکردنی گۆڤارو ڕۆژنامە ڕۆڵەکانی میللەت بەئاگا بهێننەوەو لە ڕێگەی پەیوەندییکردن بە دەوڵەتە زلهێزەکان مافەکانی کورد مسۆگەر بکەن، بەڵام کاتێ زەبروزەنگی داگیرکەران توندوتیژتر بوو، پەنایان بردە بەر ڕاپەرینی چەکداری.

لە کوردستانی ئێران سمیل خانی شکاگ ناسراو بە (سمکۆ) چەندین ساڵ لە ڕاپەرین بەردەوام بوو لە دژی دەسەڵاتدارانی ئێران و چەندین سەرکەوتنی بەدیهێناو ناوچەکانی ڕۆژئاواو باشووری دەریاچەی (ورمێ)ی سەرتاپا ئازاد کرد، بەڵام دواجار لە ساڵی ١٩٣٠ بە پیلانێکی ڕژێمی ڕەزاشای ئێران لە شاری شنۆ کوژرا. هەر لەم ماوەیەدا حکومەتەکەی ڕەزاشا کۆتایی بە چەند ڕاپەڕینێکی تری ناوچەیی ڕۆژهەلاتی کوردستان هێنا، وەک ڕاپەڕینەکەی (جەعفەر سوڵتان) لە دەڤەری هەورامانی سەر بە ئێران.



**سمکۆخانی شکاك**

لـه باکووری کوردسـتانیش لـه دژی سیاسـەتی قڕکردنی میللەتی کورد کە لە لایـەن کەمالیەکانـەوە پیادە دەکرا چەندین شـۆڕش سـەری هەلدا، لەوانە ڕاپەڕینی مەلاتییـە و ڕاپەڕینـی کۆچگیـری و شۆڕشـی شـێخ سـەعیدی پیـران لـە دەڤـەری دیاربەکرو دەوروبـەری سـالّی ١٩٢٥، هەروەهـا ڕاپەڕینـی ئاگری داغ سـالّی ١٩٢٧ - ١٩٣١ بـە سـەرکردایەتی ئیحسـان نـوری پاشـا لـە چیاکانـی ئارارات و ڕاپەڕینـی دەرسـیم سـالّی ١٩٣٧ بـە سـەرکردایەتی سـەید ڕەزای دەرسـیمی.

بـەڵام هەمـوو ئـەو ڕاپەڕینانـە بـە زەبری هێـزو بـە یارمەتـی وولاتانـی دەوروبـەرو پشـتگیری و پشـتیوانی وڵاتانی زلهێزی جیهان لە نێوبران.



شێخ سەعیدی پیران پێش لە سێدارەدانی

## ج - شۆڕشی دووەمی بارزان ١٩٤٣ - ١٩٤٥:

دوای کۆتایی هێنان بە شۆڕشی یەکەمی بارزان لە سالآنی ١٩٣١ - ١٩٣٢، سەرکردەکانی ناوچەکە بەرەو ناوەڕاست و باشووری عێراق دوورخرانەوە..

((مستەفا بارزانی)) سەرکردەی ناسراوی کورد لە شاری (سلێمانی) دەست بەسەر کرابوو لەژێر چاودێری حکومەتی عێراق. ((بارزانی)) لەو ماوەیەدا توانی لە نزیکەوە ئاشنایەتیو دۆستایەتی لەگەڵ ڕۆشنبیرانو خەباتگێڕانی ئەو شارە پەیدابکات، بەتایبەت لەگەڵ ئەندامانی ((پارتی هیوا)) کە ئامانجیان ڕزگاری کوردستان بوو. لە تەممووزی ساڵی ١٩٤٣ بەهاوکاری پارتی ((هیوا))، بارزانی خۆی لە چاودێری حکومەتی عێراق دەربازکردو لە ڕێگای کوردستانی ئێرانەوە گەیشتەوە ناوچەی ((بارزان))..

## ڕزگارکردنی ناوچەی بارزان:

هەرچەندە بارزانی سەرەتا ویستی بە ئاشتییانە کێشەکان لەگەڵ حکومەت چارەسەر بکات ،بەلآم لە ساڵی ١٩٤٣ حکومەتی عێراق دەیان بنکەی پۆلیسی دروست کردبوو، وخەڵکی ناوچەکە بەچاوی دوژمنکارانە تەماشایان دەکردن.بۆیە بنکەکانی پۆلیس کەوتنە بەر پەلاماری شۆڕشگێڕان، تا سەرتاپای ناوچەکە دوای چەندین نەبەردی دلێرانە ڕزگارکرا.

## گفتوگۆ لە نێوان بارزانی و حکومەتی عێراق:

سەرۆک وەزیرانی عێراق، (ماجد مستەفا)ی نارد لای "بارزانی" کە وەزیرێکی کورد بوو، بۆ گفتوگۆکردن. لە ئەنجامی ڕاپۆرتی (ماجد مستەفا) بۆ حکومەتی عێراق، سەرکردەکانی بارزان کە لە ناوەڕاست و باشوور دەست بەسەربوون گەڕانەوە ناوچەی بارزان، ((بارزانی))یش هەندێ هەنگاوی نا بۆ دەرخستنی خواستی کورد بۆ ئاشتی بەرامبەر حکومەت.



**بارزانی نەمر**

## چالاكی

**مامۆستای بەڕێز:** داوا لە گرووپێک قوتابیان بکە بۆ وانەی داهاتوو/ ڕاپۆرتێک لەم تەوەرەی خوارەوە ئامادە بکەن.

زۆر جار حکومەتەکانی عێراق، بەڵێنیان بە کورد داوە . . پاشان پاشگەزبوونەتەوە، لەم بارەوە گفتوگۆ ساز بکرێت.

## گرنگترین داواکاریەکانی شۆڕش:

١- ئازادکردنی زیندانییەکانی کورد.

٢- دامەزراندنی نوێنەرانی کورد لە بەغداو زیادکردنی دەسەلاٌتیان.

٣- چاکسازی لە بواری کشتوکاڵدا بکرێتو، قوتابخانەو نەخۆشخانەش دروست بکرێن.

٤- زمانی کوردی بە ڕەسمی کاری پێ بکرێت.

٥- کاربەدەستانی کوردستان پێویستە کورد بن ..... هتد.

## هەڵوێستی حکومەتی عێراق و هەڵگیرسانەوەی جەنگ:

١- حکومەتی عێراقی لێبووردنی گشتی ڕاگەیاند، بەلاٌم ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی کوردی نەگرتەوە.

٢- داوای لە سەرکردەکانی شۆڕش دەکرد کە چەکەکانیان بدەن بە دەستەوە.

٣- بنکەکانی پۆلیسی لە ناوچەکە ئاوەدان دەکردەوە، هێزی سەربازی بەرەو ناوچەکە ڕەوانە دەکرد بۆیە شەڕ دووبارە دەستی پێکردەوە، لە

ئابی ١٩٤٥ پێشمەرگەکان دەست بە سەر بنکەکانی پۆلیسی ناوچەی ((بارزان)) دادەگرن و چەند نەبەردیەکی‌تر تۆمار دەکەن و ،چەندین سەربازو ئەفسەرو ڕۆشنبیری کوردیش دێنە پال شۆڕشەکە، بۆیە حکومەتی عێراق هێزێکی سوپای گەورە لە بەرەی ((ئامێدی))، ((ڕەواندز))، ((ئاکرێ)) کۆکردەوە.

## کشانەوەو کۆچی بەکۆمەڵ بەرەو ئێران:

لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥لە ژێر فشاری چەکی قورسی وێرانکار وفرۆکە جەنگیەکانی‌بەریتانیا، هێزی پێشمەرگە بە ماڵ وخێزانەوە بەرەوچیاکانی کوردستانی ئێران کشانەوە(کەلەم کاتانەدا خەریکی خۆسازدان بوون بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان)، ژمارەی کوردە ئاوارەکان گەیشتە نزیکەی (١٠)دەهەزار کەس.

### چالاکی

**قوتابی ئازیز:** میللەتی کورد هەروەها میللەتانی عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشوورییەکان، مافی شۆڕشیان دژی داگیرکەر هەیە. .
((مافی شۆڕش)) کەی و بۆچی؟ لەمبارەوە گروپێک لەناو پۆلدا گفتوگۆ سازدەدەن.

## بەشی شەشەم:

# کۆماری کوردستان

لە کۆتایی مانگی ئابی ۱۹٤۱ هاوپەیمانەکان هێرشیان هێنا و بەریتانیا لە باشورو یەکێتی سۆڤیەتیش لە باکورەوە سنووری ئێرانیان بەزاندو چەند بەشێکی خاکی ئەم وولاتەیان داگیرکرد، لە ئەنجامدا رەزاشای دیکتاتۆریان لەسەر حوکم لادا. باکوری کوردستانی ئێران بە شاری مهابادەوە بە درێژایی رۆژانی جەنگ داگیر نەکرا بۆیە خەڵک خۆیان کاروباریان دەبرد بەرێوە، ساڵێک دواتر کۆمەڵێک لە تێکۆشەران و رۆشنبیرانی کورد کۆمەڵەیەکیان لە شاری مهاباد پێک هێنا بەناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێ کاف) دواتر ئەم کۆمەڵەیە بوو بە بناغەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ١٦ی ئابی ۱۹٤٥ دامەزراو قازی محەممەد کرا بە سەرۆکی ئەو حیزبە، ئەویش لەبەر ئەوەبوو کە کەسایەتیەکی شۆرشگێری کۆمەلایەتی و ئایینی و سیاسی ناسراوی ناوچەکە بوو.



**وێنەی قازی محەممەد**

## بەرزکردنەوەی ئالآی کوردستان و دامەزراندنی حکومەت:



له ٢٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦به ئامادەبوونی زیاتر لە ٢٠هەزار کەس، له گۆڕەپانی چوارچرا لە شاری مهاباد ئالآی کوردستان هەڵکراو دواتریش لەسەر دامو دەزگاکانی حکومی له شارەکانی تری سنووری کۆمار وەك شارەکانی(نەغەدەو بۆکانو شنۆو خانەو سەردەشتو ماکۆ) هەڵکرا،پاشان له ڕۆژنامەی کوردستان (زمانحاڵی کۆمار) ناوی وەزیرەکانی کابینەی حکومەتی کوردستان بلأو کرایەوە کە(حاجی بابە شێخ)سەرۆك وەزیران بوو لەگەڵ ١٣ وەزیری تر کەپۆستەکانی وەك وەزارەتی لەش ساغیو ئابووریو ڕێگاوبانو بازرگانی ...هتد) یان گرتە ئەستۆ.



## چالاکی

گرۆپیک پەخشێکی خنجیلانەی سەر دیوار دروست دەکەن لە بارەی کۆماری کوردستان.

## دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان:

هەرچەندە تەمەنی ئەم کۆمارە (١١)ی مانگ بوو، بەلام گەلێک دەسکەوتی گرنگی هەبوو لەوانە:

١- زمانی کوردی کرا بەزمانی رەسمی.

٢- بە چاپ گەیاندنی چەندین رۆژنامەو گۆڤار وەک (کوردستان) و (هەلالە) و (هاواری نیشتمان) و (گروگالی مندالان) و.. هتد. کە لە چاپخانەی «کوردستان»دا چاپ دەکران.

٣- بایەخدان بەکردنەوەی کتێبخانەی میللی و رادیۆ و سینەمای گەڕۆک و دامەزراندنی شانۆی کوردی.

٤- دامەزراندنی سوپای میللی کوردستان و پاراستنی گیان و ماڵی هاوڵاتیان.

٥- بوار بۆ ئافرەتی ڕەخسا کە بەشداری بکا لە کاری ڕۆشنبیری و ڕامیاری.

٦- بە دەست هێنانی سەربەخۆیی و ڕزگاری نەتەوەیی بۆ گەلی کورد، هەرچەندە ئەمە بۆ ماوەیەکی کەم بوو.

## چالاکی

**مامۆستای بەڕێز:** گرووپێک لە ٤-٥ قوتابی، دەست نیشان بکە بۆ ئەوەی لەسەر گرنگیی «ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و شانۆ» و «هۆکارەکانی ڕاگەیاندن» و ڕۆڵیان لە وشیاریی میللەت . . . گفتوگۆ سازبدەن.

## هەڵوێستی حکومەتی ئێران بەرامبەر بە کۆماری کوردستان:

کاتێک کۆماری کوردستان لە گەشەپێدانی بوارەکانی ڕامیاری و ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەردەوام بوو، حکومەتی (تاران) بە چاوی گومان و دوژمنایەتییەوە تەماشای ئەو جۆرە گۆڕانکارییانەی دەکرد و بۆ لە ناوبردنی (کۆماری کوردستان) هەموو شێوازێکی گرتەبەر. ئەوە بوو لە (١٩ی شوباتی ساڵی ١٩٤٦)دا حکومەتی تاران لەگەڵ حکومەتی سۆڤیەتدا ڕێک کەوتن بۆ کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە باکووری ئێران بەرامبەر بە بڕێک نەوتی ئێران. بەم شێوەیە حکومەتی تاران دەست واڵابوو بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر کۆماری کوردستان.

| "ڕاهێنان" | |
|---|---|
| لە خانە بەتاڵەکانی خوارەوە ناوی (پێنج) شاری کوردستان بنووسە کە ئاڵای کوردستانی تێداهەڵکراوە. | لەخانە بەتاڵەکانی خوارەوە ناوی (چوار) ڕۆژنامەو گۆڤار بنووسە کە لە چاپخانەی کوردستان چاپ کران. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

## بەرگری لە کۆماری کوردستان:

لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری کوردستان هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی ئەم کۆمارە دروستکرا. بارزانی و هەڤاڵانی لە باشووری کوردستان، کە لە دوای شۆڕشی بارزان ڕوویان کردبووە کوردستانی ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، بەشێکی گرنگی ئەم هێزەیان پێک هێنا. ئەمە جگە لەوەی کە چەندین ئەفسەری باشووری کوردستان سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگەیان دەکردو هاتبوونە پاڵ کۆمار و بەرگرییان لێی دەکرد.

## شەڕی بەرگری:

شەڕوپێکدادان لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان و لەشکری ئێران لە زۆر ناوچەکانی کوردستان درێژەی هەبوو، بەتایبەتی لەبەرەی (سەردەشتو سەقز و بانە)، هێزی پێشمەرگەبەسەرکردایەتی بارزانی وهەڤالانی لە باشوری کوردستان بەرگرییان لە کۆمار دەکرد و سەرکەوتنیان بەسەر لەشکری ئێران هێناو تا دوا ڕۆژی ژیانی کۆماری کوردستان پێشمەرگە دەرفەتیان بە دوژمن نەدا لەم بەرەیە پێشڕەوەی بکەن.

## ڕووخانی کۆماری کوردستان:

هێزەکانی بەریتانیا (هەروەها ئەمەریکا کەدواتر هاتبووە ئێران)خواروی ئێرانیان بەجێ هێشت، لەشکری سۆڤیەتیش لە باکوری ئێران کشایەوە، بەمەش دەرفەت بۆ حکومەتی تاران ڕەخسا بۆ ئەوەی تەواوی هێزی سەربازی خۆی کۆبکاتەوەو هێرش بکاتە سەر هەردوو کۆماری ((ئازەربایجان و کوردستان))،دوای ڕووخاندنی کۆماری ئازەربایجان وکوشتنی خەڵکێکی زۆری ئازەری، قازی محەممەد هەڵوێستی ئاشتی خوازی نواند و هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێت، بەڵام سوپای ئێران پێشڕەویان کردو شاری مهابادیان داگیرکردەوەو لەئەنجامیشدا پێشەوا (قازی محمد) و هاوڕێکانی بە دیل گرت.

## ڕۆژێکی ڕەش:

لـە ڕۆژی ٣١ ئـازاری ١٩٤٧، قـازی محەممـەدو حسـێن خانـی سـەیفی قـازی و ئەبولقاسـمی صـەدری قـازی لـە گۆڕەپانـی چوارچـرا لـە ناوەڕاسـتی شـاری مهابـاد لـە سـێدارەدران، ئەمـە جگـە لـە کوشـتنی چەندیـن خەڵکـی تـر.







صـەدری قـازی    قـازی محـەممـەد    سـەیفـی قـازی

## بارزانی و هەڤاڵانی دوای ڕووخانی کۆمار:

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، بارزانی وهەڤاڵانی لە باشوری کوردستان جارێکی تر لە بەرامبەر لەشکری ئێراندا چەند نەبەردیەکی تریان تۆمارکردو، لەئەنجامدا لەژێر هێرش و پەلاماری سەختی لەشکری ئێراندا کشانەوە بۆ خاکی کوردستانی عێراق ، چوار ئەفسەرە ئازادیخوازەکەی کورد(محەممەد قودسی و خیرالله عبدالکریم وعزت عبدالعزیز و مستەفا خۆشناو) لە گەڵ خێزان و ماڵە پێشمەرگەکان خۆیان دابەدەست حکومەتی عێراقەوە،لەئەنجامدا چوارئەفسەرەکە دەست بەجێ دەسگیرکران و ،لە ڕۆژی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ لەسێدارەدران و بوونە قوربانی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان.بارزانی و هەڤاڵانیشی(کەژمارەیان ٥٠٠ کەس بوو) لەژێر هێرش و پەلاماری سەختی هەرسێ دەوڵەتی عێراق و تورکیا و ئێران دا،پاش ڕێڕەوێکی مەزن توانیان لە ئاوی ئاراس بپەڕنەوە و پەنا ببەنە بەر (یەکێتی سۆڤێتی) پێشوو.



عزت عبدالعزيز



خيرالله عبدالكريم



مستەفا خۆشناو



محەممەد مەحمود قودسی

چوار ئەفسەرەکەی شەهیدانی کوردستان

## چالاکی

**مامۆستای بەڕێز:** (( هەڵویستی نێودەوڵەتی)) لە کێشەی کورد: چەند کاریگەری هەیە؟ ڕابردوو و تا ئێستا، لەگەڵ قوتابیان لەو بارەوە گفتوگۆ سازبدە.

## پرسیار

١- لە چ بەرواریک ئاڵای کوردستان هەڵکرا؟

٢- (٦) لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان بژمێرە؟

٣- بۆچی قازی محەممەد هەولیدا ئاشتیانە لەگەڵ حکومەتی ئێران ڕەفتار بکات؟



# بەندی سێـیەم

# هاونـیشتمـانـی بـوون

١- بەشی یەکەم/ دەوڵەت

٢- بەشی دووەم/ دەزگا خزمەتگوزارییەکان

٣- بەشی سێیەم/ جەژنە نیشتمانی و ئایینییەکان

٤- بەشی چوارەم / نەتەوە

٥- بەشی پێنجەم / ژینگە

٦- بەشی شەشەم / مافی منداڵ

## بەشی یەکەم:

# دەوڵـەت

**دەوڵەت:** قەوارەیەکی رامیاری و کارگێری یە دەسـەڵات و سـەروەری لە سنورێکی جوگرافـی دیـاری کـراودا هەیـە، بەهـۆی چەنـد دام و دەزگایەکـی هەمیشـەیی بەرێوەدەچێـت.

## بنەماکانی دەوڵەت:

دەوڵەت لەسەر ئەم بنەمانەی خوارەوە دادەمەزرێت:

**١- هەرێمێکی جوگرافی**

**٢- گەل**

**٣- دەسەڵات**

**٤- سەروەری**

**١- هەرێمێکـی جوگرافـی:** پارچـە زەوییەکـی سـنوردارە بەپێـی یاسـای نێودەوڵەتـی دانـی پێدانـراوە.

### چالاکی

**قوتابـی خۆشەویـست:** دەتوانی لێرەدا داوا لە مامۆستای بەرێز بکرێت چیرۆکێک لـە بارەی خۆشەویستی دایک یان نیشتمان بۆ برادەرەکانت بگێرێتەوە.

**٢- گەل:** کۆمەڵێک کەس لە رووبەرێکی جوگرافی دیاریکراو دەژین زمان و مێژوو و بەرژەوەندی و داب و نەریتی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.

**٣- دەسەڵات:** ئامرازێکە لە رێگایەوە دەوڵەت دەسەڵاتەکانی خۆی تیایدا پەیرەو دەکات.

**٤- سەروەری:** پیادەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتە لە سنورێکی جوگرافی دیاری کراو (وشکانی و ئاسمان و ئاو) بەپێی یاسا نێو دەوڵەتییەکان دان پێنراوە.

## چالاکی

**قوتابی خۆشەویست:** نەخشەیەکی عێراق بە دەفتەرەکدا بلکێنە.

شارەکانی: دهۆک و زاخۆ و سلێمانی و هەولێر و موسڵ لەسەر دیار بکە.

## چالاکی

١- وێنەیەکی سروشتی کوردستان بە دەفتەرەکەتدا بلکێنە.

٢- وێنەیەکی ئاڵای کوردستان بە ڕەنگە جوانەکانی بە دەفتەرەکەتدا بلکێنە.




وەزارەتی داد

## بەشی دووەم:

# دەزگـا خزمەتـگوزارییەکان

**کـۆمـەڵـگــە:** کۆمەڵێک دەزگاو دامـەزراوەی گشـتین، کاروبـاری هاوڵاتیـان بەرێوەدەبـەن لـە رێگای دابینکردنـی پیداویسـتی و خزمەتگوزارییـەکان وەک (ئـاوی پـاک، کارەبـا، سـووتەمەنی، رێگاوبـان، دامەزراوەکانـی پـەروەردەو فێرکـردن، چاودێـری تەندروسـتی و پاراسـتنی ژینگـە... هتـد).

جیاکردنـەوەی کۆمەڵگـەی پێشـکەوتوو بـە دابینکـردن و پەرەسـەندنی دەزگا خزمەتگوزارییەکانـەوە بەنـدە، واتـە دامـودەزگا خزمەتگوزارییـەکان پێـوەرە بـۆ ئاسـتی پێشـکەوتنی کۆمەڵگـەی شارسـتانێتی.

### راهێنان

**قوتابـی ئـازیـز:**

١- نـاوی سـێ قوتابخانـەی شـارەکەت لێرەدا بنووسـە .............. و .............. و .............. .

٢- نـاوی دوو دەزگای خزمەتگـوزاری لـە شـارەکەت لێرەدا تۆمـار بکـە .............. و .............. .



وێــنـەی پرۆژەیـەکـی خـزمـەتـگـوزاری

## چالاکی

**قوتابــی ئـازیــز:** نـاوی (٢) پرۆژەی خزمەتگوزاری کـە حکومـەت لـە شـار یـان گوندەکـەت بنیاتینـاوە . . بنووسـە.

**گرنگترین دەزگا خزمەتگوزارییەکان لەمانەی خوارەوە پێکدێت:**

١- چاودێری تەندروستی.

٢- پەروەردەو فێرکردن.

٣- گواستنەوەو گەیاندن.

٤- کارگوزاریی ڕۆشنبیری.

٥- کارگوزاریی ئابووری.

٦- کارگوزارییەکانی دیکە.




**وێـنـەی فـڕۆکـەیـەك**

**١- پەروەردەو فێرکردن:** یەکێکە لە ئەرکە هـەرە گرنگـەکانی دەوڵـەت بـۆ بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگا کردنەوەی قوتابخانەیە لە شـارو دێهاتـەکان بـۆ بڵاوکردنـەوەی خوێنـدەواری و هۆشـیاری لـە نـاو کۆمەڵگـە بـە هـەموو قۆناغەکانی (باخچەی ساوایان، بنەڕەتی، ئامادەیی، ئامادەییە پیشەییەکان، پەیمانگا، زانکۆکان).





پـۆلـێکـی خوێـندن

**٢- چاودێری تەندروستی:** دەوڵەت بۆ بنیاتنانی هاووڵاتی بەتوانا و لـەش ساغ هەوڵ دەدات کە بتوانێت خزمەتی خـاك و میللـەتی خـۆی بکـات لەبـەر ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان دەزگـای خزمـەتگوزاری تەندروسـتی لـە شارو شارۆچکەو دێهاتەکاندا بۆ هاولاتییان دەستەبەر کردووە وەکو:

١- دروسـتکردنی نەخۆشـخانەی گـەورە کـە تایبـەتن بـە نەشـتەرگەری و چارەسەری نەخۆشییەکان.

٢- کردنەوەی بنکەی تەندروستی میللی.

٣- کردنەوەی بنکەی تەندروستی بۆ پشکنین و چارەسەرکردنی قوتابیان.

٤- کردنەوەی کۆلێژەکانی پزیشکی و پـەیمانگا و ئامادەییـەکانی مامـانی و برین پێچی.




**کـۆلـێژی پـزیـشـکـی**

## چالاکی

**قوتابی ئازیز:** لەش ساغی بۆ پاراستنی تواناکانی مرۆڤ زۆر گرنگە.

.. ((پاکـی و خاوێنـی)) بنەمایەکـی سـەرەکی لـەش سـاغی یـە . . چـی بکەیـن بـۆ ئـەوەی پاکـی و خاوێنـی قوتابخانەکەمـان ڕابگریـن؟

١ ٢ ٣

**٣- گواستنەوەو گەیاندن:** حکومەتی هەرێم بایەخێکی تەواوی بە پێشخستنی کارگوزاری گواستنەوەو گەیاندن و هاتووچۆ داوە، تا هاوڵاتیان بە ئاسانی پەیوەندی بەیەکتر بکەن لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم و، گرنگی داوە بە کردنەوەی ڕێگاوبانی نوێ و هۆیەکانی گەیاندن و هاتووچۆی خێراو گواستنەوە.

جگە لەوانە بایەخی بە پۆستە و هێڵی تەلەفون داوە و ئامێری تازەو وخێرای بۆ ئەم بوارە دابین کردووە.



ڕێگاوبان

## ( گواستنەوە )

### ڕاهێنان

چەندین هـۆکاری گواسـتنەوە هەیـە دەتـۆش قوتابـی خۆشەویسـت (چـوار) هـۆکاری نیشـتمان لێـرەدا بنووسـە:

١- ..........................................

٢- ..........................................

٣- ..........................................

٤- ..........................................

### چالاکی

لەم سەردەمەدا زۆر هۆکاری گەیاندنی نوێ پەیدا بووە، **قوتابی ئازیز** لێرەدا وێنەی دوو هۆکاری نوێ بکێشە.

**٤- کارگوزاریـی ڕۆشـنبیری:** یەکێک لـە ئامانجەکانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان پێگەیاندنـی هاووڵاتـی ڕۆشـنبیرو هۆشـیار و پابەنـد بـە بنەماکانـی هاووڵاتـی بـوون.

بـۆ ئـەم مەبەسـتەش چەندین گۆڤـارو ڕۆژنامـەو کتێبـی جۆراوجۆر لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیانـدا ئامادەکردوە، لەگـەڵ کردنـەوەی پێشـانگای کتێب وێرای گرنگیدان بـە کردنـەوەی رادیـۆ و تەلەفزیـۆن و هۆیەکانـی ڕاگەیاندنـی دیکـەو مۆزەخانـەی کلتووری و مێژوویی، جگـە لـە بایەخدان بـە کردنـەوەی گەلـەری (قاعـە) بـۆ هونـەری شـێوەکاری و بایەخـدان بـە شـوێنەوارەکان.



**وێنەی کتێبخانە**

## چالاکی

**مامۆستای بەڕێز:** داوا لە قوتابیان بکە ئەگەر لە یادییانە چیرۆکێک لەو چیرۆکانە کە لە گۆڤارێکی منداڵان خوێندوویانە لە پۆلدا بیگێڕنەوە.

## ڕاهێنان

**قوتابی خۆشەویست:** بەدەیان گۆڤارو ڕۆژنامەی منداڵان لە کوردستان هەن، لێرەدا ناوی (سێ) گۆڤارو ڕۆژنامەمان بۆ بنووسە:

١- ..........................................

٢- ..........................................

٣- ..........................................



**وێنەی گۆڤارێکی منداڵان**

## چالاکی

**مامۆستای بەڕێز:** دەکرێت بە هاوکاری ئیدارەی قوتابخانە، سەردانی دەزگایەک یان چەند دەزگایەکی خزمەتگوزاری بۆ قوتابیان ڕێک بخەیت.

**٥- کارگوزاریی ئابووری:** دەوڵەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی هاووڵاتیان تێدەکۆشێت بە ڕەخساندنی هەلی کار بۆیان ، جگە لە بایەخدان بە بەرهەمە نیشتمانییەکان و چاکترکردنی جۆرو چەشنەکانی و ئامادەکردنی هەموو پێداویستییەکانی دیکەی هاووڵاتیان وەکو کاری گشتی و کۆمەڵە هەرەوەزییەکان و کەرتی هێنان و ناردنەدەرەوەی کەلوپەل و هی تر.



**وێنەی بانکی هەرێم**

## پرسیار

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

بانکی هەرێم دامەزراوە بۆ:

١- دابینکردنی پێداویستی قوتابخانەکان.

٢- دابینکردنی (پارە)ی مووچەو پڕۆژەکان.

## چالاکی

١- وێنەیەکی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان بە دەفتەرەکەتدا بلکێنە.

٢- چیرۆکێک لە دەفتەر بنووسە کە لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا بیستوتە.

## پرسیار

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕ بکەرەوە.

أ- دەوڵەت.......... بە دوژمنی یەکەم داناوە لە کۆمەڵگادا.

ب- دەبێت پەیڕەوی ڕێنماییە تەندروستییەکان بکەین و خۆمان لە .......... بپارێزین ولە نەخۆشخانەکاندا پەیڕەوی ............ و.......... بکەین.

جـ- بواری گواستنەوەو گەیاندن ڕووێیکی .......... نیشان دەدات.

د- هاوڵاتی دڵسۆز باوەڕی بە ....... و ........ و........ هەیە.

هـ- ڕۆشنبیری هۆیەکی گرنگە بۆ ........ و......... هاووڵاتی ژیر لە کۆمەڵگادا.

و- دەوڵەت هەلی .......... بۆ هەموو هاووڵاتیان ڕەخساندووە.

ز- دەوڵەت هەوڵی نەهێشتنی ............. داوە.

## بەشی سێیەم:

# جەژن و بۆنە نیشتمانییەکان

### یەکەم: جەژن و بۆنە نەتەوەییەکان و نیشتمانییەکان:

#### أ- جەژنی نەورۆز - ٢١ ئادار:

یەکەم ڕۆژی سەری ساڵی کوردییە جەژنێکی کۆنی کوردە وەک هەموو گەل و نەتەوەیەک لەسەر گۆی ئەم زەمینە یادی دەکاتەوە.



**وێنەی ئاهەنگی نەورۆز**

#### ب- بەیاننامەی (١١)ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠:

ئەم بەیاننامەیە لە(١٥) خاڵی سەرەکی پێکهاتبوو لە گرنگترینیان زمانی کوردی زمانی ڕەسمی دەبێت لەگەڵ زمانی عەرەبی لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانی کوردن، بەشداری کردنی کورد لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دانانی خشتەیەک بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و ڕۆشنبیری و پەوەردەیی لە کوردستان جگە لە هەموارکردنی دەستور . . هتد. بەرهەمی شۆڕشی هاوچەرخی کورد بوو کە شۆڕشی ئەیلوولە لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ز بەرپابوو.

## زانیاری:

**قوتابـی خۆشەویسـت:** لـە کوردسـتانی ئازیـزدا چەندیـن نەتـەوە و ئاییـن و ئاینـزا دەژیـن و جـەژن و بۆنـەی خۆیـان هەیـە، لـەو جـەژن و بۆنـە ئاینییانـەی کەمەنەتەوەیـی و ئاینییانـە:

١- (١)ی نیسانی جەژنی سەری ساڵی بابلی و ئاشووری.

٢- (١١)ی نیسان جەژنی هەستانەوەی (مەسیحییەکان).

٣- (٧)ی کانونی دووەم جەژنی بێلندی ئێزیدییەکان.

### ٣- ڕاپەرینی گەلی کوردستان (٥)ی ئاداری ١٩٩١:

پـاش زوڵـم و زۆرداریێکـی زۆرو خاپوورکردنـی ٤٥٠٠ گونـدی کوردسـتان و ئەنفالکردنـی ١٨٢ هـەزار مرۆڤـی بێ گوناهـی کـورد بـە پیـرو منـداڵ و ئافـرەت، کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە و شوێن بزرکردنی (٨٠٠٠)هەزار بارزانی و دەرکردنی کـوردە فەیلییـەکان... هتـد. زۆر شـوێنی دیکـەی کوردسـتان، بێ گوێـدان بـە هیـچ بەهاییێکی مرۆڤایەتی لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراق، وای کرد خەڵکی کوردستان بەڕووی دامودەزگا ستەمکارەکەی ڕژێم لە (٥)ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ز ڕاپەڕی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان  لە ماوەی چەند ڕۆژدا سەرتاپای کوردستان ئازاد کرا.

# زانیاری

## ڕۆژ ژمێری ڕزگار کردنی شارەکانی کوردستان :

١- (٥)ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ دەست پێکردنی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە شاری ڕانیە(دەروازەی ڕاپەرین)وە.

٢- (٧)ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ ڕۆژی ڕزگارکردنی شاری سلێمانی.

٣- (٩)ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ ڕاپەرین و ڕزگارکردنی شارەکانی شەقلاوەو کۆیە و دەربەندیخان.

٤- (١١)ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ ڕزگارکردنی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان.

٥- (١٤)ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ ڕاپەرینی دهۆك و ئامێدی.

٦- (٢٠)ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ گەیشتن بە لوتکەی ڕاپەرین بە ڕزگارکردنی کەرکوك (تاجی ڕاپەرین).



دیمەنێکی ڕاپەرین

## ٤- هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (١٩)ی ئایاری ساڵی ١٩٩٢ز:

پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان لە (٥)ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ز و شکست خواردنی ڕژێم و کێشانەوەی دام و دەزگاکانی لە کوردستان و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کارگێڕییە کە هاتە کایەوە، ئەوە بوو سەرکردایەتی (بەرەی کوردستانی) بڕیاری دا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێک بۆ کوردستان.

لە (١٩)ی ئایاری ١٩٩٢ز سەرجەم گەلی کوردستان ڕوویانکردە سندووقەکانی دەنگدان و پەرلەمانی کوردستان هاتە کایەوە.

هەڵبژاردن



هەڵبژاردن یەکێکە لە دەستکەوتە مەزنەکانی گەلی کوردستان، دوای دەیان ساڵ لە شۆڕش و قوربانیدان یەکەم پرۆسەی ئازادی و دیموکراسیانە و کەم وێنە بوو، بە شایەدی چاودێرە بیانییەکان لەم دەڤەرەدا.

هەڵبژاردن سەرەتای ئەزموونێکی دیموکراسی بوو لە کوردستان و یەکەم پەرلەمانی هەڵبژاردراوی کوردستانی هێنایەکایەوە.

**٥- دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان (٤)ی تەمووزی ١٩٩٢ز:**

دوای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و لە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان لە٤/٦/١٩٩٢، یەکەم حکومەت بۆ هەرێمی کوردستان لە ٤/٧/١٩٩٢ دامەزرا، دوای ئەوەی حکومەتی ناوەند دام و دەزگاکانی لە هەرێمی کوردستان کێشایەوە.

دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستکەوتێکی مەزنی گەلی کوردستانە، لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەماندا ئەوە یەکەم جارە دەرفەت بۆ کورد ڕەخسا کە بیسەلمێنێ هیچی لە نەتەوەکانی دیکی کەمتر نییە بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان لەسەر خاکیاندا و میللەتان ئەگەر ویستیان بەسەر ئاگرو ئاسن دا سەردەکەون.

**٦- جاڕدانی سیستەمی فیدراڵی بۆ کوردستان (٤)ی تشرینی یەکەم ١٩٩٢ز:**

میللەتی کورد وەکو میللەتانی دیکە مافی خۆیەتی مافی چارەنووسی خۆی دیاری بکات و قەوارەی خۆشی هەبێت وەکو(تورک و عەرەب و فارس) .

بەرژەوەندی زلهێزەکانی دونیا وەهای لێکردین کە بێبەش ببین لە مافە ڕەواکانی خۆمان لەسەر خاکی خۆماندا.

## پرسیار

بۆ دەبێ قەوارەی خۆمان هەبێ؟

پەرلەمانی کوردستان لـە ١٩٩٢/١٠/٤ز بڕیاری مافی فیدراڵییەتی بۆ هەرێمی کوردستان جاڕدا.

ئـەم سیستەمە (فیدراڵییـەت) پەیوەندی (ڕامیاری - یاسایی - ئابووری) هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر بنچینەیی یەکێتی فیدراڵی ئارەزوومەندانـە لـە چوارچێوەی عێراق ڕێک دەخات.



ئەمـە بەرهەمی ڕاپەڕینـە مەزنەکەیـە، کـە ئەمڕۆ کورد خاوەن پەرلەمان و حکومەتی هەرێمـە.

### ٧- جەژنی کۆماری عێراق (١٤)ی تەمووزی ١٩٥٨ز:

شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ز ڕووداوێکی سیاسی گرنگ بوو لە مێژووی ناوچەکەو گەلی عێراقدا، کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی هێنا، ئەو شۆڕشە بە پشتیوانی سەرجەم گەلانی عێراق بەرپابوو.

لەبەندی سێیەمی دەستووری کاتیی کۆماری دا بۆ یەکەمجار لەمێژووی عێراقدا دان بەوەنرا کە (کورد و عەرەب هاوبەشن لە نیشتمانی عێراقدا).

## دووەم: جەژنە ئایینیەکان و بۆنەکانی پشوودان:

١- جەژنی ڕەمەزان لە ١ و ٢ و ٣ی مانگی شەوال بەبۆنەی تەواوبوونی ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز لە لایەن موسڵمانان.

٢- جەژنی قوربان لە ١٠ و ١١ و ١٢ و ١٣ی مانگی (ذی الحجة) بەبۆنەی ڕاوەستانی حاجییەکان لەسەر چیای عەرەفات و تەواوبوونی ڕێوڕەسمی حەجکردن.

٣- بۆنەی سەری ساڵی زایینی لە ١ی مانگی کانوونی دووەمی بەبۆنەی لە دایکبوونی حەزرەتی عیسا (سەلامی خوای لێ بێت).

٤- یادی سەری ساڵی کۆچی لە ١ی مانگی موحەڕەم بەبۆنەی کۆچی پێغەمبەر(د.خ) لە شاری مەکە بۆ شاری مەدینە.

٥- یادی عاشورا لە ١٠ی مانگی موحەڕەم ڕۆژی شەهیدکردنی ئیمام حوسێن.

٦- یادی لە دایکبوونی پێغەمبەر(د.خ) لە ١٢ی مانگی ڕەبیع الاول.

## بەشی چوارەم:

# نـــەتـــەوە

**نەتــەوە:** کۆمەڵـە کەسـانێکن لـە نیشـتمانیکدا پێکـەوە دەژیـن و ڕەگـەز و زمـان و مێـژوو و نەریـت و چارەنـووس و بەرژەوەنـدی هاوبـەش کۆیـان دەکاتـەوە، وەک(نەتـەوەی کـورد، نەتـەوەی عـەرەب، نەتـەوەی تـورک). . . هتـد.

## بنەماکانی نەتەوە:

### ١- نیشتمانی هاوبەش:

گرنگترین بنەمـای بوونـی نەتەوەیـە، هیـچ نەتەوەیـەک بەبێ نیشـتمان دروسـت نابێت و نیشـتمان لای ڕۆڵەکانـی نەتـەوە پیرۆزو خۆشـەویسـتە، هەسـت و سـۆز و خۆشـەویسـتی نیشـتمان ڕۆڵەکانـی ئـەو نەتەوەیـە یـەک دەخـات.

خاکی کوردستان کە هەزارەهـا سـاڵە بـاو وباپیرانـی ئێمـەی تیا ژیـاوە و بەردەوام خەباتیـان کـردووەو قوربانیـان داوە بۆ پاراسـتنی لـە پەلامـارو هێرشـی داگیرکـەران، بـە بنەمایەکی گرنگی یەکخسـتنی هەسـت و سـۆزی نەتەوەیـی دادەنرێت.

### ٢- زمانی هاوبەش:

زمـان هۆیەکە بۆ لەیـەک گەیشـتن و ئاڵوگۆڕی بیرورا لـە نێوان ڕۆڵەکانـی یەک نەتـەوەدا و هەمـوو نەتەوەیـەک زمانـی نەتەوایەتـی خـۆی هەیـە.

زمانـی شـیرینی کـوردی بنەمایەکـی دی یەکبوونـی سـۆزی نەتەوایەتییـە، هـەر بۆیـە داگیرکەرانـی کوردسـتان هەوڵیـان داوە زمانـی کوردی لـە ڕۆڵەکانـی قەدەغـە بکـەن و لەنـاوی بـەرن و لەبیـر ڕۆڵەکانـی کوردی ببەنـەوە، نموونـەش لەسـەر ئـەو سیاسـەتە ناڕەوایـەی داگیرکـەران سیاسـەتەکانی بـە تـورک کـردن و بەعـەرەب کـردن و بـە فارسـی کردن(بـە ئێرانـی کـردن) کـە لـە مێژەوە تـا ئێسـتا دژی زمانـی کـوردی پیـادە کـراوە،

بەڵام نەتەوەکەمان هەمیشە خەباتی دژی ئەو سیاسەتانە کردووە و توانیویتی زمانی نەتەوایەتی خۆی بپارێزێت و خزمەتی بکات و گەشەی پێ بدات.

## ٣- مێژووی هاوبەش:

مێژووی هاوبەش بنەمایەکی گرنگی نەتەوەیە، نەتەوەی کورد مێژوویەکی کۆنی هەیە لە کوردستاندا و خاوەنی شارستانیەتی خۆیەتی هەر لەسەرەتای مێژووەوە تا ئێستا بەردەوام بەرگری لە نیشتمانەکەی کردووە لە پەلاماری داگیرکەران و لەو پێناوەدا بە هەزارەها شەهیدی داوە، ئەم مێژووە پڕ سەروەرییە مایەی شانازییە بۆ ڕۆڵەکانی، بۆیە پێویستە لەسەرمان بایەخ بە مێژوو و کەلەپوورمان بدەین کە هەست و سۆزی نەتەوەیی یەک دەخاو و پێویستە شانازی بە ڕووە پرشنگدار و گەشەکانیەوە بکەین و پەند لە بەسەرهاتەکانی وەربگرین، چونکە ئێستا و ئایندە پەیوەستە بە ڕابوردومانەوە.

## ٤- خوونەریتی هاوبەش:

هەموو نەتەوەیەک داب و نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، نەتەوەی کورد ناسراوە بە ئازایەتی و دڵپاکی و ڕاستگۆیی و خۆبەخت کردن لە پێناوی سەربەستی و ئازادیدا، بێجگە لە زۆر نەریتی ڕەسەنی دی، سەرەڕای ڕۆشنبیری و هونەری هاوبەش کە ئەمانە هەست و سۆزی نەتەوەکەمان یەک دەخەن و لە نەتەوەکانی دی جیادەکەنەوە.



جـلوبـەرگـی کــوردی

## چالاکی

بنەماکانی نەتەوە چوارە




## ڕاهێنان

((مێژوو گرنگە بۆ میللەتان))

مامۆستای بەڕێز/ لەم بارەوە دەرفەت بە قوتابیان بدە با گفتوگۆ سازبدەن.

# بەشی پێنجەم:

# ژینگەو پیس بوون

**پێناسەی:** بریتیە لە هەموو پێکهاتە زیندوو و نازیندووەکان، یا هەموو شتێ کە لە دەورەبەرمانەوەیە دێت، جا چ لەسەر رووی زەوی بێت یان لەژێر زەوی بێت. واتە ژینگە ئەو ناوەندە جوگرافی و کۆمەلایەتیەیە کە دەوری مرۆڤ و گیانەوەرانی داوە، واتا ئەو شوێن و ئاوو هەوایەیە کە تێیدا ژیان بەسەر دەبەین و کاردەکاتە سەر ژیانمان، مرۆڤیش بەشێکە لەژینگەو ناتوانین لێی جیابکەینەوە. زۆرجار ئەو ژینگە پاک و بێگەردە رووبەرووی پیس بوون دەبێتەوە بەهۆی چڕە دووکەل و پاشماوەی کارگەکان.

## ژینگە دوو جۆری هەیە:

### ا- ژینگەی سروشتی:

بریتییە لەو ژینگەی کە مرۆڤ تێیدا لەدایک دەبێت و ژیانی بەسەر دەبات، واتە هەموو ئەو رووخسارو رواڵەتە سروشتییانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ و گیانەوەری لێدەژیت، وەکو (ئاووهەوا و خاک و بەرزی و نزمی زەوی و گەرمی و ساردی).



دیمەنێکی سروشتی

## ڕاهێنان

**قوتابی خۆشەویست:**

ژینگەی یەکەمی هەمووومان ناو ماڵی خۆمانە، دووەم ژینگەی قوتابخانەیە، چی بکەین باشە بۆ پاراستنی پاک و خاوێنی ژینگەی قوتابخانە؟

١- ............................................................................................ .

٢- ............................................................................................ .

٣- ............................................................................................ .

### ٢- ژینگەی کۆمەڵایەتی:

مەبەست لەو ژینگەیەیە کە مرۆڤ لەگەڵ کەسانی دەوروبەری خۆی ژیان بەسەر دەبات واتە ژینگەی خێزان یاخود قوتابخانەو هەروەها ژینگەی مرۆڤ لەو گەڕەکەی تیایدا دەژیت یاخود ئەو گوندەی ژیانی لێ بوسەر دەبات، تێکەڵاوی و پەیوەندی لەگەڵ دراوسێ و کەسانی دەوروبەری خۆی پەیدادەکات و پێداویستییەکانی تێدا دابین دەکات.

## ڕاهێنان

ژینگەی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە لە خێزان و گەڕەک و ..........................و ................................................ .

## چالاكی

**مامۆستای بەڕێز:** گرووپێک لە قوتابیان هەڵبژێرە با باس لە ژینگەی:

١- گەڕەک بکەن، کاریگەری ئەم ژینگەیە:

أ- لایەنە باشەکان.

ب- لایەنە خراپەکان.

## پرسیار

چی بکەین بۆ بەرەو پێشبردنی ژینگەی گەڕەک؟



**كارگەیەك كە چڕە دووكەڵی لێ هەڵدەستێ**

# بەشی شەشەم:
# مافی مرۆڤ و مافەکانی منداڵ

## ا- مــافـی مـرۆڤ:

مـرۆڤ هـەر لەسـەرەتای پەیدابوونیـەوە هەوڵی بەدەست هێنانی مافەکانی خـۆی داوە، بـەردەوام تێکۆشـاوە تاوەکـو ڕزگاری بێت لەبرسـێتی و نەخۆشـی و نەخوێنـدەواری وچەوسـانەوە، بۆیـە دەزگاو ڕێکخـراوە نێو دەوڵەتییـەکان گرنگیـان بـەم لایەنـە داوەو تـا ڕۆژی ١٩٤٨/١٢/١٠ جاڕنامـەی جیهانی مافی مرۆڤ لەشاری پاریس بڵاوکرایـەوە کـە لە(٣٠)بەند پێکهاتـووە، بـاس لـە مـاف و ئازادییەکانی دەکات.

## گرنگترین مافە ئازادییەکانی مـرۆڤ:

<u>١- ئـازادی تاکەکـەس:</u> «هەمـوو کەسێک بـە ئـازادی لەدایک دەبێت و بە ئازادیش دەمرێت».

ئەمـە بـەو مانایـە دێـت کەهەمـوو کەسـێک ئـازادە لـە هاتووچـۆ ونیشـتەجێبوون و کارکـردن و بیـروڕا دەربڕیـن و سـەربەسـتی بیرکردنـەوە، ئەمـە بـە بنەمـای سـەرەکی مافـە ئازادییـەکان دادەنرێت.

<u>٢- ئــازادی خاوەنــداری:</u> مـرۆڤ ئـازادە لـە خاوەنداریەتـی و بەئـارەزووی خـۆی بـەکاری بێنـێ و نابێت مـاڵ و سـامانی دەسـتی بەسـەردا بگیـرێ و لێـی زەوت بکـرێ، بەپێـی یاسـا نەبێـت سـەندنی مـاڵ و سـامانی خەڵکـی قەدەغەیـە.

<u>٣- ئــازادی کارکـردن:</u> هەمـوو کەسـێک ئـازادە کارێـک یـا پیشـەیەک بـۆ خـۆی هەڵبژێرێـت، لەبەرئەمـە یاسـا بێکاری قەدەغەکـردووە بـۆ توێـژی تایبـەت.

## چالاکی

**قوتابی خۆشەویست:** مافی تۆیە: فێربیت، بخوێنیت. بەشداری لە چالاکییەکاندا بکەیت، لەهەمان کاتدا چەند (ئەرکێک) هەیە پێویستە ئەنجامیان بدەیت.
لیستێک بە ئەرکەکان بە هاوکاری هاوڕێکانت بۆ وانەی داهاتوو ئامادەبکە.

## چالاکی

**قوتابی خۆشەویست:** ئەم ڕاهێنانە لەناو پۆل بە هاوکاری هاوڕێکانت لیستێک بە ئەرکەکان بە هاوکاری هاوڕێکانت ئەنجام بدە.

١- قوتابی مافی خۆیەتی بخوێنێت و فێربێت.

٢- هەموو منداڵێک لە تەمەنی شەش ساڵیدا مافی خۆیەتی ................................ .

٣- ڕەخساندنی مافی فێربوون بۆ منداڵانی کوردستان ئەرکی سەرشانی حکومەتی ................................ .



یاریــگـەیەکـی منـدالآن

## ڕاهێنان

**مامۆستای بەڕێز:** دووگروپ لە قوتابییان پێک بێنە:

لە هەردوو واتای (ماف) و (ئەرک): نموونەیان پێ بهێنەرەوە.

**٤- ئـازادی بیـروڕا کۆبوونـەوەو دامەزراندنـی ڕێکخـراوەکان:** مرۆڤ ئازادە لـە دەربڕینی بیروڕا بۆچوونی خۆی و بڵاوکردنـەوەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و خەڵکی ئازادە لـە کۆبوونـەوەی تایبـەت و گشتی کە زیان بەکەسانی دیکە و بەرژەوەندی گشـتی نێـو کۆمەڵگـە نەگەیەنـێ.

**٥- ئـازادی خوێنـدن و فێربـوون:** هەمـوو مرۆڤێک مافی ئـەوەی ئەوەیـە هـەر لـە تەمەنی منداڵییـەوە بخوێنێ و فێری خوێندەواری ببێ، درێژە بـە خوێندن بدات لـە گشت قۆناغـەکان.

**٦- ئـــازادی ئاییـــن و بـــاوەڕ:** هەمـوو مرۆڤیـک سەربەسـتە لـە هەڵبژاردنـی هـەر بیروباوەڕێکـی ئایینـی.

**٧- یەکســانی و دادوەری:** یەکسـانی بەمانـای ئەوەدێـت کـە ئەندامانـی کۆمـەڵ هەمـوو وەکـو یەکـن لەمـاف و ئەرکەکانـی سەرشـانیاندا بەرامبـەر بەیاسـاو دادپـەروەری و کارەگشـتیەکاندا و هیـچ جیاوازیـەک نییـە لـە نێوانیانـدا بەهـۆی ڕەگـەزو ئاییـن و ڕەنـگ و سـامانەوە.

## چالاکی

**قـوتــابی ئــازیز:** تۆ (ئازادی) لەوەی کە پرسیار لە بارەی وانەکە لە مامۆستای بەرێز بکەیت. . .

مامۆستا (ئازادە) لە ئاراستەکردنی پرسیار. .

وەڵامدانەوەی گونجاو. . .

هەموومان (ئازادیین) لە پاراستنی بەها پەسند کراوەکانی ژیان. .

بۆ وانەی داهاتوو چەند دێرێک لەبارەی واتای (ئازادی) بەهاوکاری برادەرو خێزانەکەت ئامادە بکەو لەگەڵ مامۆستای بەرێزت گفتوگۆی لەسەر بکە. .

## جۆرەکانی یەکسانی:

**١- یەکسانی بەرامبەر یاسا:** هەموو ئەندامانی کۆمەڵ یەکسانن بەرامبەر یاساو یاسا بەسەر هەموو کەسێکدا بەبێ جیاوازی جێبەجێدەکرێت.

### ڕاهێنان

کێ یاسا پێشێل دەکات؟ (گفتوگۆ لەمبارەوە دەکرێت)

**٢- یەکسانی بەرامبەر دادپەروەری:** دەسەڵاتی دادوەری بەسەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵ جێبەجێ دەکرێت بەبێ جیاوازی ڕەگەزو ئایین و سامان.

**٣- یەکسانی لە کارکردن:** هەموو کەسێک مافی کارکردنی هەیەو هیچ جیاوازییەک ناکرێت لە نێوان دوو کەسدا تەنها بەگوێرەی تواناو لێهاتوویی و بڕوانامەی زانستی نەبێت.

**٤- یەکسانی لە ئەرکدا:** هەموو ئەندامانی کۆمەڵ یەکسانن بەرامبەر یاساو ئەرکەکانیان هەموو یەکسانن لەباج دان و خزمەتی سەربازی.

## چالاکی

**قوتابی ئازیز:** تۆ مافت هەیە، ئەرکیشت لەسەر شانە.ئەرکەکانی تۆ چین؟

لەم خانە بەتاڵانە بیاننووسە.

## چالاکی

**قوتابی خۆشەویست:** ئاییینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر بنەمای (یەکسانی) دامەزراوە، هەموو ئاینە ئاسمانییەکان بانگەشە بۆ یەکسانی دەکەن. .

(مامۆستا بەیەکسانی تەماشای هەموو قوتابییان دەکات):

ئێستاش وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١- هەموو قوتابییان لەمافی فێربووندا ........................................................... .

٢- مامۆستا بە ................................................ تەماشای قوتابییات دەکات.

٣- یەکسانی بنەمای ڕاستەقینەی .......................................... .

٤- ئاییینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر بنەمای ............................................ دامەزراوە.

٥- بەرامبەر بە ........................................... ئەندامانی کۆمەڵ هەموو یەکسانن.

## ڕاهێنان

لە کۆمەڵگەی (فرەڕەگەزو فرەمەزهەبی) چی بکەین؟ ($\surd$) (×):

١- دژایەتی یەکتر بکەین.

٢- پێکەوە بژین، دۆست بین، ڕێز لە یەکتری بگرین، تەبابیین.

## ٢- مافەکانی منداڵ:

### منداڵ کێیە؟

منداڵ ئەو کەسەیە کە تەمەنی لە(١٨) ساڵ کەمترە، بەشێکی گرنگی کۆمەڵە، بڕبڕەی پشتی نەتەوەیەو نەوەی دوارۆژی گەل و نیشتمانن.



**چەند منداڵێك کە بەرەو قوتابخانە دەچن**

تەمەنی ئازاد (٦) ساڵە، باوکی لە قوتابخانەدا ناونووسی کرد، چونکە مافی هەموو منداڵێکە لەو تەمەنەدا بچێتە قوتابخانە.

# جەژنی منداڵانی جیهان

ڕۆژی ٦/١ ی هەموو ساڵێک کرا بە جەژنی منداڵانی جیهان، منداڵانی کوردستانیش بەشێکن لە منداڵانی جیهان و هەموو ساڵێک ئاهەنگ دەگێڕن، چونکە منداڵ نەوەی دوارۆژن و لەپیناو پێشکەوتن و گەشەکردنی گەل و وڵات هەوڵدەدەن، لە دوارۆژیشدا دەبنە سەرکردەو زانا و مامۆستا و پزیشک و ئەندازیاری زیرەک و بەتوانا، بۆ ئەوەی وڵاتەکەمان ئاوەدان بکەنەوە.

## مافەکانی منداڵ:

## هەندێک لەمافەکانی منداڵ:

١- هەموو منداڵێک مافی ئەوەی هەیە خاوەن ناسنامەی خۆی بێت و ناوی نیشتمان و نەتەوەکەی هەڵبگرێت.




**ئاهەنگێکی منداڵانی کورد لە جەژنی منداڵانی جیهان**

٢- دایک و باوک لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بەرپرسیارن، دەوڵەتیش پێویستە هانیان بدات تاوەکو پەروەردەیەکی ڕاستەقینە بۆ منداڵەکانیان مسۆگەربکەن.



**باوك و دايك منداڵەكانی**

٣- پێویستە دەوڵەت بایەخ بەلایەنی پەروەردەو خوێندن و ڕۆشنبیری منداڵ بدات، بەلایەنی کەم دەبێ خوێندنی بەخۆڕایی لە قۆناغی بنەڕەتی دابین بکات.

٤- پێویستە دەوڵەت خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ منداڵان دابین بکات، واتە لە لایەنی مێشک و لایەنی دەروونی و تەندروستی گشتی.



**بنکەیەکی تەندروستی لەکاتی چارەسەری منداڵان**

## ڕاهێنان

بۆچی دەبێت دەوڵەت خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ منداڵان دابین بکات؟

٥- پێویستە شوێن و کات بۆ یارییەکانی منداڵ و بەشداربوونی لە چالاکییە ڕۆشنبیری و هونەرییەکان تەرخان بکات و بایەخ بە چالاکی شانۆ لەقوتابخانەشدا گرنگی بەوانەی وەرزش و نیگار بدرێت.



**کۆمەڵێك منداڵ گۆرانی و شایی پێشکەش دەکەن**

٦- پێویستە دەوڵەت مندالآن لەکاری خراپەکاری و زیانبەخشەکان بپارێزێت.

٧- مندال مافی ئەوەی هەیە ڕاوبۆچوونەکەی خۆی بەئازادی دەرببڕێ و دەبێت ڕاوبۆچوونەکەی بەهەند هەڵبگیرێ.

٨- لەسەر دەوڵەت پێویستە قەرەبووی ئەو منداڵانە بکات کە لەسۆزی دایک و باوک بێبەشن و جێگەو شوێنیان بۆ دابین بکات و جل و بەرگ و پێداویستی ژیانیان بۆ دابین بکات.